# بنەوای باوەڕی یارسان

# بنەوای باوەڕی یارسان

د. محەمەد عەلی سوڵتانی

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

د. محەمەد عەلی سوڵتانی
بنەوای باوەڕی یارسان – لێکۆڵینەوە
کتێبی ئاراس ژمارە: ١٠٠٣
چاپی یەکەم ٢٠١٠
تیرێژ: ٦٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٥٩٨ – ٢٠١٠
نەخشاندنی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
رازاندنەوەی بەرگ: ناسح ساڵح
هەڵەبژێری: نساران بورهان
رێنووسی یەکگرتوو: بەدران ئەحمەد حەبیب

# بازنەی ئیسلام و سنووری کوفر
# لە روانگەی قورئانەوە

هەموو زانایانی بواری فیقهی ئیسلامی هەوڵی خۆیان خستووەتە پێناوی یەکڕیزی ئیسلامی و بە ئاوڕدانەوەیەکی خێرا لە بەرهەمەکانیان ڕوون دەبێتەوە کە سەرلەبەری ئەو زانایانە باسی ئاسانبوونی پێکەوە ژیانی ئاشتییانە دەکەن لە نێوان تاقم و لایەنە جیاجیا ئیسلامییەکاندا و کەلامی پیرۆزی قورئانیش بەردەوام داوای خۆ دوور خستنەوەمان دەکات لە مشتومڕی بێ ئەنجام و خۆ بەزلزانین کە دەبێتە هۆی ناکۆکی و دووبەرەکی لە ناو ئۆمەتی ئیسلامدا.

وَلَوْ شَاءَ رَبُّكَ لَجَعَلَ النَّاسَ أُمَّةً وَاحِدَةً وَلاَ يَزَالُونَ مُخْتَلِفِينَ* إِلاَّ مَن رَّحِمَ رَبُّكَ وَلِذَلِكَ خَلَقَهُمْ وَتَمَّتْ كَلِمَةُ رَبِّكَ لأَمْلأَنَّ جَهَنَّمَ مِنَ الْجِنَّةِ وَالنَّاسِ أَجْمَعِينَ.

(سوورەتی هود، ئایەتەکانی ١١٨-١١٩)

واتە: ئەگەر پەروەردگارت بیویستایە هەموو خەڵکی وەک ئۆمەتی خاوەن یەکڕیزی (بەبێ هیچ ناکۆکییەک) دادەنا، بەڵام ئەوان جیاوازییان پێکەوە هەیە مەگەر تەنیا ئەوانەی کەوتوونەتە بەر ڕەحمەتی خوا و ئەو مرۆڤی بۆ قەبووڵکردنی ئەو ڕەحمەتە (ڕوو لە کامڵبوون) ئافراندووە.

بەم پێیە جیاوازیی بیروڕا و تێگەیشتنی جۆراوجۆر لە پەیامی خوا لای تاقم و لایەنە جیاجیاکانی موسڵمان بریتییە لە ئیسلام، مەسیحی، جوولەکە

و... بابەتێکی ئاسایییە و دەگەڕێتەوە بۆ چەشنی بۆچوونی مرۆڤ و قورئانی پیرۆز بە ئاشکرا باسی دەکات:

وَمَا كَانَ النَّاسُ إِلاَّ أُمَّةً وَاحِدَةً فَاخْتَلَفُواْ وَلَوْلاَ كَلِمَةٌ سَبَقَتْ مِن رَّبِّكَ لَقُضِيَ بَيْنَهُمْ فِيمَا فِيهِ يَخْتَلِفُونَ.

(یونس، ئایەتی١٩)

(سەرەتا هەموو مرۆڤ یەک ئۆمەت بوو هەمووان شوێنکەوتووی ئاینی خواپەرستی بوون، دواتر جیاوازییان تێ کەوت و ئەگەر فەرمانێک لەلایەن پەروەردگارتەوە (سەبارەت بەئازادیی مرۆڤ لە دنیادا و سزانەدانی خێرای ئەو) نەدەبوو، چی لە نێوانیاندا داوەریی دەکرد؟

ئەمرۆ لە شیکاری و توێژینەوەکانی توێژەرانی بواری ئاینیدا سەرباری هەموو جیاوازییەکی بیرورا و ڕەوتی ئەو گۆڕانەی کە لە ئاینەکانی جیهان و لەوانە بوودایی، هێند و سیک و... دا و لە ماوەی سەدەکانی ڕابردوودا هاتووەتە ئاراوە، وەک دینی خواپەرست سەیریان دەکرێت، بەم پێیە بڕوا بە هەقبوونی ئاینە ئاسمانییەکانی و لەسەروویانەوە هەموو لایەنەکانی ئاینزا ئیسلامییەکان بابەتێکی ئاسایییە و بیر و ئەندێشەی ڕاستگۆیانەی سوڵتان سەهاکی بەرزنجی (ئەهلی حەق) بە پشتبەستن بە بەڵگەی بڕوا پێکراو کە لە خوارەوە دەخرێتە بەرچاو، ناکەوێتە دەرەوەی بازنەی ئاینی خواپەرستی.

ئاینی ئیسلام بە ئاشکرا لە ئایەتی پیرۆزدا بە شوێنکەوتووەکانی خۆی دەفەرمێ لەگەڵ ئەهلی کتێبدا هەڵسوکەوتیان هەبێت و بە هەموو جیاوازیی بیروبڕوایان و ئەو گۆڕانەی لەبیروبڕوایاندا هاتووەتە ئاراوە و بەو هەموو دەسکارییەی کە لە کتێبە ئاسمانییەکانیاندا و بۆچوونیاندا کراوە، نایانخاتە دەرەوەی بازنەی ئیماندارییەوە و بە موشریکیان نازانێت و حوکمی شیرک و کوفریان بۆ دەرناکات و بەگوێرەی ئەم ئایەتە دەفەرموێ:

قُولُواْ آمَنَّا بِاللّهِ وَ مَآ أُنزِلَ إِلَيْنَا وَ مَا أُنزِلَ إِلَى إِبْرَاهِيمَ وَ إِسْمَاعِيلَ وَ إِسْحَقَ وَ يَعْقُوبَ وَالأسْبَاطِ وَ مَا أُوتِيَ مُوسَى وَ عِيسَى وَ مَا أُوتِيَ النَّبِيُّونَ مِن رَّبِّهِمْ لاَ نُفَرِّقُ بَيْنَ أَحَدٍ مِّنْهُمْ وَنَحْنُ لَهُ مُسْلِمُونَ.

بڵێن (ئێمەی موسڵمان) بڕوامان بە خوا و بەو کتێبەی کە پێغەمبەرەکەمان هێنای و بەوەی کە بۆ ئیبراهیم نێردرا و بە هەموو ئەوەی لەلایەن خواوە بۆ پێغەمبەرەکانی هاتووە هێنا و جیاوازی لە نێوانیاندا دانانێین و هەرچی لای ئەوەوە بێت بڕوامان پێیەتی و ملکەچی فەرمانی ئەوین.

(بەقەرە، ئایەتی١٣٦)

بڵێ ئەی ئەوانەی کە خاوەن کتێبن، با پەیڕەویی ئەو رستەیە بکەین کە لە نێوان ئێمە و ئێوەدا هاوبەشن (و هەموومان بە هەقی دەزانین) و (ئەویش ئەوەیە کە) جگە لە خوای تاک کەس نەپەرستین.

(ئالی عیمران، ئایەتی ٦٤)

قُلْ يَا أَهْلَ الْكِتَابِ تَعَالَوْاْ إِلَى كَلَمَةٍ سَوَاء بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمْ أَلاَّ نَعْبُدَ إِلاَّ اللّهَ وَلاَ نُشْرِكَ بِهِ شَيْئًا وَلاَ يَتَّخِذَ بَعْضُنَا بَعْضاً أَرْبَاباً مِّن دُونِ اللّهِ فَإِن تَوَلَّوْاْ فَقُولُواْ اشْهَدُواْ بِأَنَّا مُسْلِمُونَ.

(بە ئەهلی کتێب) بڵێن ئێمە بڕوامان بەو کتێبە ئاسمانییە هەیەکە بۆمان هاتووەتە خوار و بڕواشمان بەوە هەیە کە بۆ ئێوە هاتووەتە خوار و خوای ئێوە و ئێمە یەکێکە.

(عەنکەبووت، ئایەتی٦٢)

إِنَّ الَّذِينَ آمَنُواْ وَالَّذِينَ هَادُواْ وَالنَّصَارَى وَالصَّابِئِينَ مَنْ آمَنَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ وَعَمِلَ صَالِحاً فَلَهُمْ أَجْرُهُمْ عِندَ رَبِّهِمْ وَلاَ خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلاَ هُمْ يَحْزَنُونَ.

هەر موسڵمان و جوولەکە و مەسیحی و ئەستێرەپەرستێک کە لە رووی راستییەوە بڕوای بە خوا و ڕۆژی قیامەت هێنا و کاری چاکەی کرد، خوا پاداشی بەخێری دەداتەوە و هەرگیز (لە دنیا و قیامەتدا) ناترسێت و خەمبار نابێت.

(بەقەرە، ئایەتی٦٢)

واتە دین لە ڕاستیدا بڕواهێنانە بە خوا و روژی پەسلان و ئەنجامدانی کاری چاکە، نەک بەناو ئیماندار بێت. لەم ئایەتەدا لە بەدواداچوونی ئەو باسانەی کە پێوەندییان بە بەنی ئیسرائیلەوە بووە ئاماژە دەکرێتە مەسەلەیەکی بنەمایی و گشتی و دەڵێت: ئەوەی بایەخدارە راستی و راستەقینەیە، نەک رواڵەت، لەلای خوای گەورە بڕوای پتەو و بێگەرد و کاری چاکە قەبووڵ دەکرێت:

إِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَالَّذِينَ هَادُوا وَالصَّابِئِينَ وَالنَّصَارَى وَالْمَجُوسَ وَالَّذِينَ أَشْرَكُوا إِنَّ اللَّهَ يَفْصِلُ بَيْنَهُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ إِنَّ اللَّهَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ شَهِيدٌ.

هەڵبەت خوا رۆژی پەسلان جیاوازی دادەنێت لە نێوان ئیمانداران و جوولەکە و ئەستێرەپەرست و مەسیحی و مەجووسان و موشریکاندا (و هەرکەسێک دەباتە شوێنێک کە شیاویەتی) ئەو ئاگای لە حاڵی هەموو گیانلەبەرانە.

(حەج، ئایەتی ١٧)

جیاوازی دانان لە نێوان شوێنکەوتوانی ئەو ئاینانەدا نیشانەی ئەوەیە کە هەندێ لەوانە پلە و پاداشی باشیان لای خوا هەیە. کەوابوو خوا، سزای یەکسانی بۆ بێ بڕواکانی لەبەر بڕوا نەبوونیان بە بنەماکانی ئاینی ئیسلام دیاری نەکردووە. بگرە هەندێ کات بە گوێرەی هەلومەرج جیاوازیی لە نێوانیاندا داناوە و تەنانەت کەسانێکی بەشیاوی پاداش زانیوە لەسای گرۆیی

و ئاراستــەی ئاینیدا؛ ئەمـەش بـەو چەشنەیە کە بڕوامـەندیی مـوسڵـمانان بە بنەماکانی ئیسـلام، بە هۆی یەکسانیی چوونـە بەهەشتیـان نازانێت، بگرە بە بۆچوونی دادگـەرانەی ئیـلاهـی لە رۆژی قـیـامـەتدا هەمـوو شـتێ بەندە بە رەفتاری خۆیانەوە:

إِنَّ الَّذِينَ آمَنُواْ وَالَّذِينَ هَادُواْ وَالصَّـابِؤُونَ وَالنَّصَـارَى مَنْ آمَنَ بِاللّهِ وَالْيَـوْمِ الآخِرِ وعَمِلَ صَالِحًا فَلاَ خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلاَ هُمْ يَحْزَنُونَ.

(مائیدە، ئایەتی ٦٩)

هەڵبەت لەوانەی کە ئیمانیان هێنا بە ئیسلام و ئەوانەش کە جوولەکە بوون و هـەروەها ئەسـتێرەپەرسـتان و مەسـیحییەکان، هەرکەس کە بڕوای بـە خـوا و رۆژی قـیـامــەت هێنا و چاکـە بکات، هەرگـیـز (لە هەردوو جـیـهـاندا) ترسی (لـە هیچ رووداوێک) و خــەمی (لە هـەرچی دەفەوتێ) نابێت.

بەم پێیە ئەوەی کـە لە ئایەتە روون و بێگومانەکانی قورئانی پیرۆز باس کرا[1] و ئەوەی دەبێتـە هۆی سـەلماندنی ئەم ئیدعایە و بەڵگە و ئیعتباری پێ دەبەخشێ، ئەوەی کە بیر و ئەندێشـەی لە مێژینـەی حەزرەتی سوڵتـان سـەید ئیسحاق (سـەهاک) بەرزنجی (ئەهلی حەق) کە جیـهانبینیییەکی عەلەوییە، بەشـێـوەی جـۆراوجـۆر لە ســاڵانی رابردوودا دەخـاتە بەر هـەندێ شـیکاریی هەڵەشـە و خراپ تێگەیشتن و بە هەڵە لێکدانەوە و بڕیاردانی یەکلایەنە و راڤـە کردنـی ناپسپۆڕانە، ئەوەیە کە وەک چینێکی ستـەملێکراو بەشێوە روانینێکی تاکـەکەسی و لێ تێگەیشتنی تاکەکەسی بـەشێوەی جۆراوجۆر ملکەچ بوون و کـەوتوونەتـە بەر نادادکـاریی کـۆمـەڵایەتی و ئیـداری و... هتـد. ئـەم کـەسـانـە ئەوانەن کە بە شایەتیی مێژوو لـە ماوەی سەدەکانی رابردوودا باڵی سەربازیی

---

١- سادق حوسێنی مدارا، ل ٧٤٢ و ١٦٢.

بەرگریکارانە بوون لە ویلایەت و سەرپەرشتیاریی بە هەقی عەلەوی بەرامبەر ئومەوییەکان و عەباسییەکان و سەلجووقییەکان و هەروەها عوسمانییەکان و هێرشی رووس و بریتانیا لە هەردوو شەڕی یەکەم و دووەمی جیهانیدا و لە هەشت ساڵ شەڕی سەپێندراو بەسەر ئێرانیشدا.

شایەت بۆ ئەمەش هەزاران شەهید و گیانباز و بریندار و هەروەها کاولبوونی ماڵ و حاڵ و بۆمبارانی کیمیایی و زۆر شتی تره کە لە ڕۆژاوای ئێراندا کەوتوونەتە بەر هێرشی بەعسییەکان، لە سی ساڵ دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامیی ئێرانیشدا لە زۆربەی ناوچەکاندا سەرباری بێبەشبوونیان لە زۆر شت خۆڕاگرییان کردووە. بەڵام هەرگیز نەچوونەتە ڕیزی نەیارانی مەزهەبییەوە و دژایەتییان نەکردووە و بەردەوام پێداگر بوون لەسەر سەربەخۆیی وڵات و پێشخستن و گەشەپێدانی ویلایەتی عەلەوی. بە شایەتیی بەڵگەی بڕوا پێکراو کە بڕێکیان لەسەرەوە ئاماژەیان پێ کرا، هەندێ تۆمەتی بێ بنەما لە بڕێک بڵاوکراوە و چاپەمەنیدا کە ئەهلی هەق بە موشریک و کافر و مورتەد و... هتد دەزانن، ئەم قوتابخانەیە خاوەن بیرێکی یەکتاپەرستە و بڕوای بە هەموو سیفاتی خوا و هەموو پێغەمبەرەکان لە ئادەمەوە تا خاتەم بەتایبەت پێغەمبەرایەتیی حەزرەتی محەمەد (د.خ) و ڕۆژی قیامەت هەیە و لەبەرئەوەی کە لە باری ئاینی و مێژوویی و بڕواییەوە لە هەندێ نووسراوەی چەندین ساڵی رابردوودا سەبارەت بە قوتابخانەی ئەهلی هەق هەندێ بۆچوونی ئاڵۆز و تەمومژاوی خراوەتە بەردەست، بە پێویستی دەزانین سەرەتا ئاماژە بە هەندێ خاڵ بکەین:

یەکەم: خاڵێکی سەرەکی و سەرەتایی بۆ توێژینەوە لەسەر ئاین و ئاینزاکان، ئاشنا بوونە بەو زمانەی کە نووسراوەکانی سەبارەت بەو ئاین یان ئاینزایەی پێ نووسراوە کە زۆربەی هەرەزۆری نووسەران و توێژکاران لەم بوارەدا ئەو مەرجەیان تێدا نەبووە.

دووەم: پێویستە خوێندنەوەیەکی بەرفراوان بۆ دەقە ئاینییەکە هەبێت و سەرنجی تەواو بدرێتە وشە و دەستەواژەکان و بە تەواوی بەسەر بنەمای رستەکاندا زاڵ بین کە زۆربەی توێژەران لەبری لێکدانەوەی دەقی کەلامی و بەدەستەوەدانی بەڵگە لە سەرچاوەی بڕوا پێکراو، تووشی هەڵەی جۆراوجۆر بوون و وەرگێڕاوەکانیان بەلاڕێدا چووە.

سێیەم: پشتبەستن بە بڕوا و بیرکردنەوەی پرسیارکارانە، گێڕانەوەیی و سەرزارەکیی جەماوەر، سەبارەت بە هەر بابەتێک نابێ پشتی پێ ببەسترێت، چونکە لە ئاین و ئاینزا و قوتابخانە و ئەندێشەگەلی گشتگردا کە بانگەوازێکی بەرفراوانی هەبووە و خاوەنی هەزاران ساڵ مێژووی باس و لێکۆڵینەوە بووە و زانایان و بیرمەندان و خاوەن ڕایان باسیان لەسەر کردووە و خاوەنی چەندین ڕێبازی سەرەکیی بنچینەیی و فیقهی و فیکری و... هتد بووە، ئەگەر لە ناو خەڵکی عەوامی شوێنکەوتووی ئەو ئاین یان ئاینزایەدا پرس و ڕای بۆ بکرێ، تەنانەت ئەگەر لای خەڵکی خوێندەواریش بێت، ئەنجامێکی باش دەست ناکەوێت، چونکە لای زانایان و بیرمەندانی ئاینەکانیش را و ئەنجامێکی دڵخواز و یەکسان دەست ناکەوێت، چ بگات بە بیروڕای ناو جەماوەر کە هەزاران ساڵ بەگوێرەی هەندێ پێوەر و گێڕانەوەی خۆیان لەسەر ئەو بیروبۆچوونە بەردەوام بوون و بڕوامەندی بە بنەماکانی ئەو بیروبۆچوونە لەلایەن شوێنکەوتووەکانیەوە بەشێوەی بۆ ماوەیی پارێزراوە، شوێنکەوتووانیش وەک بیر و ئەندێشە هاوتەریبەکان بە ملکەچیی تەواو و بێ سێ و دوو پێی دڵخۆش بوون و جگە لە چەند کەسێکی کەم لە زانایان و راقەکاران، کە لێی بەئاگا بوون و بەشێوەیەکی ئاسایی جیاوازیی بیروبۆچوونیشیان لە ناودا هەبووە. جەماوەر بە گشتی لە شتە سەرەکییەکان بێ ئاگا بوون و وەک شوێنکەوتوان و پێشەوایانی قوتابخانە ئاینییەکانی تر جەماوەری گشتی جیا بوون لە زانایان. لە حاڵێکدا کە زۆربەی تێگەیشتن و

نووسـراوە و بڕیارە بێ بنەمـاکـان بـەگوێرەی بۆچـوونی جـەمـاوەری گشـتی و شـوێنکەوتووان، ڕەنگە کـەسـانێکی تایبـەتیش بووبێت کە بەشـێوەی بۆمـاوەیی ئاگـــاداری پرســـەکـــە بوون نـەک لە ڕووی زانیـــاریـیـــەوە و زۆر بە کـــەمی نووسـراوەکان و سـەرچاوەکان کـەڵکیان لێ وەرگیراوە. ئەم پرسـە بووەتە هۆی لادان لە بابـەتی سـەرەکی و تێگەیشتنی سـاکـار و ڕواڵەتی. لێرەدا ئەو پرسیارە دێتـە ئاراوە کـە بۆ تـوێژینـەوە سـەبارەت بە بۆچوون و بـنـەمـا فـیـکرییـەکـانی قوتابیخانەکانی تریش لەسەر بنەمای پرسیار و وەڵام لە خەڵکی ناو کۆڵان و بازاڕ و هـەندێ کـاتیش لـە ژمـارەیـەک زانای ئەو بـوارە، کـاری تـوێژینـەوە بە باشی ئەنجام دەبێت.

چوارەم: بـە پشـتـبـەسـتن بە فـەرمـوودەی ئاشکرای حـەزرەتی سـوڵتـان سـەهاکی بەرزنجی، ئـەو حـەزرەتـە وەک جـەدی مـەزنی خـۆی حـەزرەتی عـەلی سـەروەری ئیـمـانداران (ع)، دوورە لـە ئیـدعـای ئولووهـیـیـەت (خـوایـەتی)، بیروبڕوای شـوێنکەوتووانی قـوتابخـانـەی ئەهلی هـەقیش بەتەواوی دوورە لەو تۆمـەتە و چیرۆکی (تـەناسـوخ) لەم بیـروبڕوایەدا لەوە سـەرچاوە دەگرێت کە کـەسـانێکی بێ ئاگـا هـەندێ لێکۆڵینەوەیان لەسـەر تۆمـار کـردووە، چونکە تۆمـەتی (تەناسـوخ) و مـاناکردنـەوەی بە دۆنادۆن گەورەترین سووکایەتییە بە قـوتابخانەی حـەزرەتی سوڵتان سـەهاکی بەرزنجی و بووەتە هۆی تێگەیشـتنی خراپ لە بیروبڕوا ڕاستگۆ و پرشنگدارەکەی، کە بە شـایەتیی پێشـەوایان و زانایانی بێ درۆ و ریای ئەهلی هەق واتە لایەنگرانی ڕاسـتی، (تەناسـوخ) لەم بیـروبۆچوونـەدا بنەمـای بیـروبڕوایی و کـەلامـیی نیـیـە و تەنیـا تۆمـەتە و ئەم باســـەی لەســـەرەوە کـــرا و هـەندێ بـەڵگەی تر هـەن ئـەم وتانـە پشـــتـــڕاست دەکەنەوە.

پێنجـەم: وتەی کۆتایی ئەوەیە ئەگەر بڕیار بێت توێژینەوەیەک لەم بوارەدا بکرێت، جگە لـەو گـۆڕانکارییـیـە کـەمـانەی ئەم دواییـیـە، کـە لـە ڕێسـا و

داوونەریتــدا رووی داوە، قــوتابخــانەی ئـەهلی هـەق دەبێ وەک ئەندێشــەیەک هاوتەریبی هەموو ئاینە ئیلاهییەکان، هەر لە ئادەمەوە تا دواین پێغەمبەر واتە حەزرەتی محەمەد (د.خ) بخرێتە بەر توێژینەوە و شیکاری و رادەی کاریگەری دانان و کاریگەری وەرگرتن لە دینە ئیلاهییەکان بەتایبەت دینی ئیسلام و بەتایبەت قوتابخانەی عەلەوی، کە ئێستا بە بەشێکی دێتە ئەژمار، لە بواری پێکەوە هەڵسەنگاندندا بە دەرک پێکردنی راستییەکانی ویلایەتی عەلەوی، دیاری بکرێت و تایبەتمەندییە ئاینییەکانی بکرێنە پێوەر بۆ ئەوەی لە رێبازی سەرەکی دوور نەکەوێتەوە.

# کاریگەری وەرنەگرتنی ئەهلی هەق
# لە بیری توندڕۆی غەیری ئاریایی لە جیهانی ئیسلامدا

ئەهلی هەق لە بنەمای پێوەندی و بنچینەیی و هزریی پەتیدا، جگە لە کاریگەری وەرگرتن لە ئیسلام و ویلایەتی عەلەوی هیچ پێوەندییەکی بە دەرەوەی سنووری کولتوورییەکانی ئێرانی گەورەوە نەبووە و نییە. چونکە هێنانی ناوی کەسانێک لە پێشەنگانی بزووتنەوە فیکرییەکانی عەرەب وەک نەسیر و... هتد لە وتارە بیروبڕواییەکانی ئەهلی هەقدا، بەڵگە نییە بۆ سەرچاوەگرتنی بۆچوونی سەرەتاییی ئەم قوتابخانەیە لە دەرەوەی ئێران. ئەگەر هێنانی ناوی کەسێک بەڵگە بێت بۆ کاریگەری وەرگرتن لە قوتابخانەیەکی دەرەوەی سنوورەکان، خۆ لە قورئانی پیرۆزیشدا ناوی ژمارەیەکی زۆر لە پێغەمبەرانی بەنی ئیسرایل براوە:

قُولُواْ آمَنَّا بِاللّهِ وَمَآ أُنزِلَ إِلَيْنَا وَمَا أُنزِلَ إِلَى إِبْرَاهِيمَ وَإِسْمَاعِيلَ وَإِسْحَقَ وَيَعْقُوبَ وَالأسْبَاطِ وَمَا أُوتِيَ مُوسَى وَعِيسَى وَمَا أُوتِيَ النَّبِيُّونَ مِن رَّبِّهِمْ لاَ نُفَرِّقُ بَيْنَ أَحَدٍ مِّنْهُمْ وَنَحْنُ لَهُ مُسْلِمُونَ.

(بەقەرە، ئایەتی١٣٦)

لێکدانەوەی ئاینە لەمێژینەکان کە بەڵگەدار کران بە هەندێ ئایەت، لە حاڵێکدا کە بێ سێ و دوو بڕوای تەواو و دوور لە گومانمان هەیە بە مێژووی ئیسلام و ئەوەی کە ئاینی پیرۆزی ئیسلام لەسەر زەوینی عەرەب و لە ماڵی کەعبەوە دەست پێ کراوە و ئاینێکی سەربەخۆیە هیچ پێوەندییەکی بە ئیسحاق و یەعقووب و... وە نییە و باسی

پێوەندی لە نێوان ئەندێشەگەلی سرووش (وەحی) و ڕۆحانیدا قەبووڵ ناکرێت، سەرباری ئەوەی کە بەرهەمی بڵاوکراوەی نووسەرانی بەڕێزیش دانیان بەوەدا ناوە جیاوازی هەیە لە ناو بڕوای ئەهلی هەق لەگەڵ نەسیرییەکانی سووریادا، بەڵام لەبەرئەوەی هەندێ جار لە گۆشەنیگای فیقهییەوە سەیری پرسەکە دەکەن و تەنانەت لە هەندێ شوێنیشدا بە جێگەی سەرچاوەی بڕوا پێکراوی مێژوویی پشت بە هەندێ بەرهەمی فیقهی دەبەستن، ڕێبازێکی پاوانخوازانە دەگرنەبەر کە ئاشکرایە ئەنجامەکەی دەبێتە چی و بڕێکیان سەرەتاکەی لە نەسیرەوە دەست پێ دەکەن کە هیچ بنەمایەکی نییە.

## بیروبڕواکان

پێویستە بۆ ڕوونکردنەوەی خوێنەران لە پێشێکیی ئەم باسەدا کەڵک لەو بۆچوونە وەربگرم کە دەڵێت تێگەیشتنمان لە دەقە ئاینییەکان فرە چەشنەیە و ئەم فرە چەشنییە نابێتە هۆی تێگەیشتنێکی هاوچەشن و نەک هەر فرەچەشنە بگرە تێگەیشتنێکی خلیسکیشە، واتە بەردەوام لە گۆڕاندایە. هۆیەکەشی ئەوەیە دەق دیاردەیەکی بێدەنگە و ئێمە بەردەوام بۆ تێگەیشتنی، یارمەتی لە بڕێک پێشگریمانە وەردەگرین، چونکە ئەو پێشگریمانانەش لە دەرەوەی دین دێن و دەرەوەی دینیش بەستێنێکی بگۆڕ و خلیسکە و زانست و فەلسەفە و بەڵگەکانی مرۆڤ بەردەوام ڕوو لە زیادبوون و کەڵەکە بوون و گۆڕانن، بەناچار هەندێ ڕاڤە لەبەر تیشکی پرسیار و چاوەڕوانی و پێشگریمانەکاندا بەدی دێن. کەواتە دەگۆڕێن و فرەچەشنی بەخۆوە دەبینن. ئەم ڕاڤەکارییانەش بەردەوام فرەییان بەخۆوە بینیوە و هەرکەسێک ڕاڤەیەکی قەبووڵ نەکردبێت، ڕووی کردووەتە ڕاڤەیەکی تر، نەک ئەوەی خۆی توانیبێتی ڕاستەقینەی ئاینەکەی دۆزیبێتەوە.

مەعریفەی دینی لە دەرەوەی ئەو ڕاڤەکارییە ڕاست و ناڕاستانەدا خۆ

نابینێتەوە. ئێمە نوقمی دەریاییەکی پڕ لە راڤەکاریی جۆراوجۆرین و ئەم جیاوازییانە لەلایەک تایبەتمەندیی دەقی دینییە و لەلایەکی ترەوە تایبەتمەندیی جیاوازیی سیستەمی دەرک پێکردنی ئێمەیە.

ئیسلامی سوننە جۆرێک تێگەیشتنە لە ئیسلام و ئیسلامی شیعەش جۆرێکی تر و ئەم دوو تێگەیشتنە و هەموو تایبەتمەندییەکانیان بە تەواوی ئاسایی و رەسمین. هەمیشە هەر دەستە وتاقمێک خۆی بە هەق و ئەوانی تری بە ناهەق زانیوە. کەسێک بیری لەوە نەکردووەتەوە ئەم فرەچەشنییە بە هۆی راڤە و دەرک پێکردنی جۆراوجۆرە کە ناتوانین لێی دەرباز بین و هیچ قوتابخانە و بیروبڕوایەکیش ناتوانێ خۆی لێ دەرباز بکات.

از نظرگاه است ای مغز وجود
اختلاف مؤمن و گبر و جهود

مەولەوی (فارس) لەو شیعرەدا ناوی سێ ئاینی گەورە دەبات و دەڵێت: جیاوازیی ئەو سیانە جیاوازیی هەق و ناهەق نییە بگرە جیاوازییە لە بۆچووندا. ئەویش نەک بۆچوونی شوێنکەوتووانی دینەکان بگرە بۆچوونی پێغەمبەران. راستی هەر یەکێک بووە و ئەو سێ پێغەمبەرە لە سێ گۆشەنیگای جیاجیاوە سەیریان کردووە یان حەقیقەت بە سێ شێوە و لە سێ دەلاقەی جیاوە خۆی دەرخستووە و ئەو سێ ئاینەی خستووەتە روو. بەم پێیە رەمزی جیاوازیی ئاینەکان و لقە جیاجیاکانیان نەک هەر جیاوازیی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی یان لادانی ئاینەکان، بگرە دەرکەوتن و خۆنیشاندانی جۆراوجۆری خوا بووە هەروەک ئەوەی کە سروشت خاوەنی فرەچەشنییە، شەریعەتیش بە هەمان شێوە فرەچەشنیی بەخۆوە بینیوە.

عِباراتنا شتَّى و حُسنُك واحد
و كل الى ذاك الجمال يشير

«شەبەنگی جوانیی تۆ تەنیا یەکێکە و ئێمە هەمووومان باسی ئەو جوانییە

دەکەین ئەگەرچی شیکارییەکانمان جیاوازە».

فرووغی بەستامی دەڵێت:

با صد هزار جلوه برون آمدی که من<br>
با صد هزار دیده تماشا کنم تو را

مەولەویش دەڵێت:

چونکه بیرنگی اسیر رنگ شد<br>
موسیای با موسیای در جنگ شد<br>
چون به بیرنگی رسی کان داشتی<br>
موسی و فرعون دارند آشتی

کە ئاماژەیە بە دەرکەوتنی رەها لە کۆت و بەند و نادیار لە دیاردا و بێ ڕەنگی لە رەنگەکاندا. دەبێ ئەو وتەیە بە تەواوی هەستەوە ببیسین و روانگە و بۆچوونی خۆمان بگۆڕین و بە جێگەی ئەوەی دنیا وا سەیر بکەین کە هێڵێکی راست و سەدان هێڵی خوار و خێچی تێدایە، دەبێ کۆمەڵێک هێڵی راست ببینین کە یەکتر دەبڕن و هاوتەریبن یان هەندێ جار لەیەک دەچن. ئایا ئەوەی کە قورئان پێغەمبەران لەسەر رێگەیەکی راست واتە یەکێک لە رێگە راستەکان نەک تەنیا رێگەی راست (الصراط المستقیم) دەزانێت، هەر بەو واتایە نییە؟ روو لە پێغەمبەری مەزنی ئیسلام دەڵێت: إِنَّكَ لَمِنَ الْمُرْسَلِينَ* عَلَى صِرَاطٍ مُّسْتَقِيمٍ (یاسین، ئایەتەکانی ٣-٤).

یان: لِيَغْفِرَ لَكَ اللَّهُ مَا تَقَدَّمَ مِن ذَنبِكَ وَمَا تَأَخَّرَ وَيُتِمَّ نِعْمَتَهُ عَلَيْكَ وَيَهْدِيَكَ صِرَاطًا مُّسْتَقِيمًا

(فەتح، ئایەتی ٢)

شَاكِرًا لِّأَنْعُمِهِ اجْتَبَاهُ وَهَدَاهُ إِلَى صِرَاطٍ مُّسْتَقِيمٍ.

(نەحل، ئایەتی ١٢١)

دەکرێ بە پشتبەستن بە ناوەکانی خوا ڕاڤەی ئەو واتایەش بکرێت. دەکرێ پرسیار بکرێت؛ ئەمڕۆ بەڕاستی لە نێوان هەموو هۆز و تایەفە ئیماندارەکاندا کە دەگەنە ملیاران کەس، تەنیا کەمینەی شیعەی دوازدە ئیمامی بەپێی بڕوای شیعەکان یان سوننەکان هیدایەت کراون و جگە لەوان هەموو لە دین دەرچوو و کافرن، یان بە بڕوای جوولەکەکان تەنیا کەمینەی دوازدە ملیۆنیی جوولەکە لەسەر ڕێگای ڕاستن و ئەوانی تر نین؟ ئەگەر وابێ، سیفەتی هیدایەتکاریی خوا کامەیە و چۆنە داوی فریودەرانەی شەیتان کە پشتی بە فڕوفێڵی لاواز و بێ بنەوا بەستووە، زاڵ دەبێت بەسەر پانتایی ڕەحمەتی ئیلاهیدا؟ چۆن دەکرێ بڕوا بکەین هەر کە پێغەمبەری ئیسلام کۆچی دوایی کرد، داگیرکەران و سەرهەڵداوان توانییان ئاینەکەی زەوت کەن و هەموو زەحمەتەکانی پێغەمبەر بە فیڕۆ بدەن؟ گریمان چەند کەسێک دژایەتیی هەق و ڕاستییان کرد و پلەپەرست بوون؛ ئەی ملیۆنان ملیۆن موسڵمان چییان کردووە کە تا کۆتاییی مێژوو گوێڕایەڵی و خواپەرستییان قەبووڵ ناکرێت و زەحمەتەکانیان بێ پاداش دەمێنێتەوە و چارەنووسێکی خراپ چاوەڕێیانە؟ ئایا ئەمە ڕێک بە واتای شکستی بەرنامەی ئیلاهی و سەرنەکەوتنی پێغەمبەر نییە؟ یان ئەوە نییە کە ئەو ئاینانەی خوا بۆ ڕێنوێنی مرۆڤ ناردوونی، بە هەوڵێکی زۆر کەم لەلایەن شەیتانی بێ هێزەوە لە ناو ببرێن؟ هەر ئەم تێبینییە روون و ئاشکرایانەیە کە مرۆڤ وا لێ دەکات پانتاییی هیدایەت و بەختەوەری بە بەرفراوانتر بزانێ و فێڵ و درۆی شەیتانیش بە لاواز و بە مافی ئەوانیتریش بزانێ کە بەشێک لە ڕزگاری و بەختەوەرییان دەست کەوێت و ڕاستی و هەقانییەتیشیان لابێت و ئەمەش گەوهەری فرەبییە. ئەوەی لێرەدا خۆ زەق دەکاتەوە وشەگەلی کافر و ئیماندارە کە دوو وشەی بە تەواوی فیقهی - دنیایین و دەبنە لەمپەر لە بەردەمماندا بۆ بینینی ڕاستییەکان. سڕینەوەی ئەو چەشنە جیاوازییە ڕواڵەتییانە لە چوارچێوەی توێژینەوە و سەیرکردنی جیهاندا لە ئاراستەی ناوەکانی خواوە کلیلی چارەسەریی گرفتەکان و قەبووڵ

کـردنی فــرەچەشنـیــە و دان پێـدانـانە بە رەحــمــەتی گــەورەی ئـیــلاهـی و سەرکەوتـنی نێردراوەکانی خوا و لاوازیی فـێڵ و دهۆی شەیتان و میـهرەبانیی بەرینی خواوەند بۆ سەر هەموو مرۆڤ و هەموو دنیا.

لێـرەدا باس ئەوە نیـیە کـە شـوێنکەوتووانی ئاین و ئاینزاکـان و خـاوەنی ئەندێشـە و بیـروبڕوایەکی تایبـەت دەست لە داوونـەریت و بیـروبڕوای خـۆیان هەڵبگرن و هـەموویان وەکو یەک بیر بکەنەوە، بگرە باس ئەوەیە بە جۆرێکی تر بڕوانینە جیاوازی و فرەچەشنییەکـان و وا نەزانین هـەرکەسە و چەنـد خـاڵێکی بیروبڕوایی تایبـەتی لە زەینی خۆیدا نەخشـاند (شیـعە، سوننە، پرۆتستـان، کــاتولیک "و لق و بەشــەکـانیــان") رزگـاریدەر و هیــدایەتکەرن و ئەوانـی تر هەموویان رێ ونکردوو و لادەرن، بگرە رێگە نهێنییەکانی هەقیش بۆ هیدایەتی مرۆڤ لەبەرچاو بگیردرێت. (عبدالکریم سروش، صراط مستقیم، کیان، ژ ٣٦، گوڵانی ١٣٧٦ی هەتاوی).

حـاجی نوور عـەلی ئیلاهـی لە وەڵامی یەکێک لە پرسیـارەکانی کتێبـەکـەی خۆیـدا نووسـیـویەتی: ئەگـەر تاقمی ئاتـەش بەیگی یان ئەهلـی هەقـەکـانی تر، عـەلی (ع) بە خـوا دەزانن، مـەبەست زاتی خـوای تاقـانەیە کـە لە جـەسـتـەی حـەزرەتی عـەلی (ع)دا دەرکـەوتبـوو، لەبەر ئەوەیە بە شـوێنی دەرکـەوتنی خـوای دەزانن. (برهـان الحق، ل ٦٣٦).

ئەگـەر زات و مـرۆڤ بە خـوا بزانرێت و قـایل بە دەرکـەوتن نـەبێت، ئەی بە گـوێرەی گێـڕانەوە ناودارەکـەی لای ئەهلـی هـەق چەنـدین هـەزار سـاڵ پێش لە دایکبوونی عـەلی (ع) کێ قامکی عفریتی بەست؟ ئەمەش لە حـاڵێکدایە کە ئەو کەسـەی کە قامکەکەی بەست کـەسێکی بەدەر لە جەستـەی رواڵەتیی حەزرەتی عەلی (ع) بـوو. ئەگەر بگوترێ ئەنجامدەرەکە عەلی (ع) بووە کە لـە هـەر کات و شوێنێکدا هەیە، "فنعم المطلوب"، کەواتە ئەوە پشت راست دەکەنەوە کە زاتێکە بەدەر لە مرۆڤ. مـەبەستی هـەموومـان لە وتنی ئەوەی کە "عەلی خـوایە" هـەمان زاتی خـوای تاقـانەیە کـە لە بەرگ و جـەسـتـەی عـەلی (ع) و شـوێنەکـانی تری

دەرکەوتندا خۆ دەردەخات. (برهان الحق، ل ٦٤٠)

هەروەها دەفەرموێ: زۆربەی ئەولیای خوا هەر لە سەرەتای لە دایکبوونیانەوە رۆحێکی کامڵ تێکەڵ بە جەستەیان دەبێ، بۆ نموونە حەزرەتی عیسا (ع). کەسانێک کە لە ماوەی ژیانیاندا دەگەنە ئەو پلەیەی کە ببنە شوێنی دەرکەوتن، کاتێک رۆحیان کامڵ بوو، رۆحێکی کامڵی تر پێوەندییان لەگەڵ دەگرێت بەم پێیە دەبێتە شوێنی دەرکەوتنیان. (نورعلي الهي، آثارالحق، دکتر بهرام الهي، تاران ١٣٥٦ ب ٢ ل ١٢١).

شیکردنەوەیەکی حەزرەتی سوڵتان سەید سەهاکیش هەر لەم بازنەدایە. بەڵام دەزانین کە شیکردنەوەی فەلسەفی لە سەرەتاوە لە بیرۆکەی ویلایی ئیسلامیدا دەست پێ کرا تا گەیشتە مەلا سەدرا و شیکاریی عیرفانیی عەلەوی لای گەورەپیاوێکی وەک سەید حەیدەری ئامولی و لێرەدا گەیشتە لووتکە. لەبەرئەوەی بنەمای راڤەکاریی ویلایی، راڤەی گێرانەوەییە، بەڵام رێگەی گەیشتن بە ئەنجامی گێرانەوە عەقڵی و مەعریفییەکانە، ئاخۆ لە گێرانەوەی راڤەکارانەی عەلەویدا کە دەڵێت شاخەکانی زەوی ئەهلی بەیتن، هەنگ ئەمیرەلموئمنینە، بارانێک کە لە ئاسمانەوە دەباری ئەهلی بەیتە و... چ بەڵگەیەک بە دەستەوەیە؟ ئەمە حەدیسی عەلەوییە. حەدیسی راڤەکارانەیە. خاوەنی کتێبی "مشارق انوار اليقين" کە گەلێک جار لە ئێران و لبنان و... دا، کتێبەکەی چاپ و بڵاو کراوەتەوە، لە لاپەڕە ١٧٠دا دەڵێت: مەولا ئەمیرەلموئمنین دەفەرموێ کلیلەکانی غەیب لە دەستی مندان. دوای پێغەمبەر تەنیا منم و جگە لە من کەسی تر دوای پێغەمبەر ئاگای لە کلیلەکانی غەیب نییە. زولقەڕنەین منم، رێگەی راست منم، پردی سیراط منم و... بەهەشت و جەهەننەم من دابەشی دەکەم، من پێوەری کردەوەکانم، ئادەم منم، نووح منم، منم دارودرەخت شین دەکەم، منم مردووەکان لە گۆڕ دێنمە دەرەوە...

سەلماندنی ئەم بابەتە چیی تر کاری کەلام و ئەحکام نییە و بێگومان بۆ هێنانە ئارای پێویستییە بگۆڕەکانیش نییە. کاری فەلسەفە و فەیلسووفی

عـەلەوییـە کە ئـەو گێـڕانەوانە لە ڕێگەی عـەقڵ و مـەعـریفـەوە بگەیەنێـتـە ئەو ئەنجامەی کە راڤەکارانی گێڕانەوەکان پێی دەگەن و ئەنجامی گێڕانەوەکانیش لە جیهانی ئیسلامدا هـەر لەبەرئەوە بوو کە بیرۆکەی عیرفانی و سۆفیکاریی راستەقینەی گرتەوە و لەم ولآمدانەوە خێرا و کورتەدا جێگەی بەراوردکردنیان نابێتەوە.

راستـە ئەندێشـەکان گـۆڕانیـان بەسـەر داهات، بەڵام ئەو گێڕانـەوانە کـە دەڵێن بنەمـای راڤـەکاریی عەلەوی راڤـەکاریی مـاڵباتـی پێغـەمبـەر (د.خ) بوو نەگۆڕاون و وەک خـۆیان مـاونـەتەوە. شـێوازی بەڵگە هێنانـەوەی ئەندێشـەکان سـەرەو ژێر بوو، بـووە کـەلامی سـۆفیـانە و عیـرفـانی. بووە فـەلسـەفـیی، بەڵام هـەمـوو کـات و بەردەوام هـەر ئەم ئەنجـامـە گێـڕانەوەییـانە لەم تەفسـیـرانەدا ئـەبینـرێت و هـەمــووی بـۆ ســەلماندن و بەڵگە هـێنانـەوە دەبن و لـە هـەمــوو شـوێنێکدا ڕێگە بە توێکاریی نهێنییـەکان نادرێت، کـە شـوێنکـەوتوانی ئەهلی هەقیش دەڵێن: ئێمـە سـەرمـان دەدەین بەڵام نهێنییـەکانمان ئاشکرا ناکـەین، باسـەکە هەر لەوەدایە و هـەرئەوەیە. ئێمـە بەشـوێن ناوی مـەزن (اسم اعظم)دا دەگەڕێین، دەبێ بزانین ئەو ناوە چییە. خۆ ئەو ناوە هـەر تەنیا لەفز نییە. ناوی مەزن ئەو دەرکـەوتەیە کە هەمـوو ناوەکانی خـوای لە خۆیدا کۆ کردبێتەوە. ئەو دەرکەوتەیە کە هـەمـوو سـیفـەتەکانی خـوای تێدا بێت و ئەمـەش ناوی تەواو (اسم تام)ە. ناوی وەبەرگـر (جامع)ە، هەم وەبەرگرە و هـەم کۆیە و بـەتەنیـایی ناوی تاک نییـە. بۆیە دەوترێ دەستی خـوا لەگەڵ کۆمەڵە. مانایەکی ئەوەیە کە ئەگەر ئێوە ببنە سەد کەس خـوا یارمەتیتان دەدات. مانایەکی تری ئەوەیە یەک کـەس خـۆی سـەد کـەسـە. یەک کـەس خـۆی هـەمـوو بوونـە. ئەوە بە مـانـای وەبەرگـربوونـە. وەک چل کـەس یان حـەفـتـا و دوو پیـر لە راڤـەکـارییـەکـەی حـەزرەتی سـوڵتـان سـەهاکدا باس کراوە ناوی مەزن پێغـەمبـەرە، ناوی مـەزن مـاڵباتی پێغەمبەرن ئەوانەی کە خوای ئافرینراوەکانن. بە وتەیەکی تر ئەوە کە بەهەشت و جـەهەننەم دابـەش دەکات و هـەرکـەسێک توانـی هـەمـوو ناوەکـانی

خوا له خۆیدا کۆ بکاتەوە ئەوە دەبێتە ئەڵڵا. بەم پێیە هیچ مرۆڤێک جگە لە عەلی و ئەهلی بەیت ناتوانێت لە خۆیدا کۆکەرەوەی ناوەکانی خوا بێت. ڕەنگە مرۆڤێکی کامڵ بگاتە جێگەیەک کە ناوەکانی خوا لە خۆیدا لە باری هێزەکی (القوة)ەوە بباتە باری کردەکی (الفعل). بەڵام خاوەنی سەرەکیی دەرکەوتنی بە تەواوەتیی ناوی ئەڵڵا، پێغەمبەر و ئەهلی بەیتن. بۆیە لە ڕوانگەی عەلەوییەوە ئێمە چواردە مەعسووممان هەیە، بەڵام لەراستیدا یەکێکن و جیاوازییان نییە. ١= ١٤.

ئێمە دەڵێین ئیمام حەسەن (ع)، ئیمام حوسەین (ع)، ئیمام تەقی (ع) و... بەڵام لە ڕاستیدا یەکێکن و هیچ جیاوازییان نییە و لە ناخ و مانادا هەر یەکن. یار یەکە و لە ڕواڵەتدا جیاوازی هەیە. جاری وایە لە ڕواڵەتی پێغەمبەردا، جاری واش هەیە لە ڕواڵەتی عەلی (ع) و یان لە ڕواڵەتی حەسەن (ع) و...دا.

لە فرەچەشنیی وتن و ڕواڵەتییەوە گەیشتن بە یەکبوون لە ناخ و مەعنەوییەتدا کاری پیاوی خاوەن ڕێبازە. بۆ کەسێک کە بڕوای بە فرەچەشنی هەبێت وێناکردنی یەکبوون سەرباری هەبوونی ئەم هەموو ڕواڵەت و سیما جیاجیا و دووپاتەوەبووانە شتێکی نەلواوە. لەبەرئەوەی کە خوا هەقە، یادی خوا و وێناکردنی خوا تاکە. وێناکردن و دەرککردنی زات و سیفاتی خوا بەبێ نیشانە و هۆکار هەرگیز ڕوو نادات. دەفەرموێ (أذكروني أذكُركُم) « یادم بکەنەوە با یادتان بکەمەوە». بەوتن و قسەکە پێوەندیی بە ناخ و دڵەوە نەبێت هیچ ئەنجامێک دەست ناکەوێت. یادکردنەوەی خوا یادکردنەوەی پێغەمبەرە. ئەگەر یادی ئەو زاتە مەزنە نەکرا یادی ئەهلی بەیت بکەنەوە کە فەرموویەتی: یادی عەلی عیبادەتە و یادی حەسەن (ع) و حوسەین (ع)یش تەنانەت یادکردنەوەی ئیماندارانیش لە پلەی خۆیدا یادکردنەوەی خوایە. ژمارەیەک لە ڕاڤەکاران و شیکاران بڕوایان وایە ئیماندار تەنیا مەعسوومە و ئەمە گەورەکردنەوەی لە ڕادە بەدەرە. ئیماندارێک کە ئیمانداری تەواو بێت مەعسوومە و یەکسانە لەگەڵ مرۆڤی کامڵدا کە لە زاتی خۆیدا شوێنی

دەرکەوتنی هەقە و لەبەرئەوەی ئەڵا کارا و چالاکی عالەمی یەکبوونە هەرکردە و یادێک بەناوی ئەو و هەڵگرانی ناوەکانی ئەو (پێغەمبەر، ئەهلی بەیت و ئیماندران)ەوە ئەنجام بدرێت یەکبوونە و باقی ئیتر فرەچەشنییە. نوێژکردن و قورئان خوێندنەوە و هەرچی بەبێ یادی ئەو و بەبێ یادی هەڵگرانی ناوەکانی ئەو بێت فرە چەشنییە. (دکتۆر نادر علی، تفسیر و سیر آن، کلک کلهر، ل ٣٥ بەدواوە بە هەندێ گۆڕان و کورتکردنەوە).

بەم پێیە کە عەلی (ع) لە هیچکام لە بەرهەمی گەورەپیاوانی ئەهلی هەقدا بە شێوەی ڕەها خوای پێ نەوتراوە و بۆ نموونە حەزرەتی شێخ ئەمیر دەفەرموێ:

جەلیل جەبار جەلیل جەبار
بوانیم سەنای جەلیل جەبار
نەلەوح نەقەڵەم نەیار نەئەغیار
پادشام نەدورِ بی دورِ نەدەریا بار

هەروەها:

مێردان خودانێن خودا میهمانەن
زوهور مەردان ساحیب زەمانەن

ئەگەر خوێنەر زاراوەی هەورامی بزانێت ئەوا مانای ئەو شیعرەی سەرەوە بەتەواوی ئەو بۆچوونە هەڵدەوەشێنێتەوە کە ئەهلی هەق عەلی(ع) و... بەخوا دەزانن، بەڵام بەداخەوە کە زۆر جار بەهۆی لێکدانەوەی ڕواڵەتیانە و کەم هێزەوە دەقە کەلامییەکان بە سەلیقە و بۆچوونی تاکەکەسی لێک دەدرێنەوە، لە حاڵێکدا کە یەکجار ورد و قووڵن و هەموو وشەکانی کەلام مانا و چەمکی تایبەت لەخۆ دەگرن و ئینشائەڵا لە جێی خۆیدا و لە باسێکی تایبەت و سەربەخۆدا باسیان لەسەر دەکرێت لەبەرئەوەی خراپ تێگەیشتن، خوێنەواران و ئەوانەی بەدوای باسەکەدا دەچن تووشی هەڵە نەکا و بۆ لاوان و

شوێنکەوتووانی ئەندێشەی حەزرەتی سوڵتان سەهاکی بەرزنجیش بەڵگەی تەواو بێت. ئەوەی باس کرا و ئەوەش کە حەزرەتی شێخ ئەمیر فەرمووی:

جەلیل جەبار جەلیل جەبار
بوانیم سەنای جەلیل جەبار
نە لەوح نە قەڵەم نەیار نە ئەغیار
پادشام نە دوڕ بی دوڕ نە دەریا بار

ئەو تاقانە ویلاییەی ئەهلی هەق کە لەو شیعرەی سەرەوەدا خۆی دەبینێتەوە و وەک جێکردنەوەی دەریایە لە گۆزەیەکدا، شێوەی ئەندێشەیەکی قووڵە و شیکردنەوەکەی لە کتێبی تەوحیدی ئوسوولی کافی دەهێنێتەوە بۆ سەلماندنی ئەوەی تا ئێستا باسی کراوە، ئەو بەڵگەیە لە کتێبی بڕواپێکراوی ئەربەعەی ئوسوولی کافییە.

داوود رەقی دەڵێت: سەبارەت بە رستەی «عەرشی خوا لەسەر ئاو بوو» لە ئیمام سادقم پرسی فەرمووی: لەم بارەیەوە دەڵێن چی؟ عەرزم کرد: دەڵێن عەرش بەسەر ئاوەوە بوو پەروەردگار بەسەر عەرشەوە بوو. فەرمووی درۆ دەکەن. هەرکەس وا بیر بکاتەوە خوای بە مەحموول (شتێک کە دەبێت بە بار بۆ کەرەستە یان شتێکی تر) زانیوە و بە سیفەتی مەخلووق وەسفی کردووە، ئەمەش وا پێویست دەکات کە ئەو شتەی خوا لەسەری دەوەستێت لە ئەو بەتواناتر بێت. عەرزم کرد بەقوربانت بم تۆ پێم بڵێ. فەرمووی: پێش ئەوەی زەوین و ئاسمان یان جن و ئینس یان ڕۆژ و مانگ هەبن، خوا دین و زانستی بە ئاو بەخشی. (مەبەست لە ئاو ئەو مادەیەیە کە توانای خەڵقکردنی پێغەمبەرانی هەیە. میرئات) کە خوا ویستی مەخلووق دروست بکات لە بەردەم خۆیدا بڵاوی کردنەوە و پێی وتن : ئافرینەرتان کێیە؟ یەکەم کەس کە قسەی کرد ڕەسووڵی خوا (د.خ) و ئەمیری ئیمانداران (ع) و ئیمامەکان سڵاوی خوایان لێ بێت، بوون کە وتیان تۆ ئافرینەری ئێمەیت. خوا دین و زانستی پێ

بەخشین و دواتر بە فریشتەکانی فەرموو: ئەمانە هەڵگری ئاین و زانستی منن و بڕوا پێکراوانی منن لە ناو مەخلوقەکانمدا و بەرپرسایەتییان لەسەر شانە.

دواتر بە کوڕانی ئادەمی وت: بڕوا بێنن بە ئافرینەریی خوا و ویلایەتی ئەو کەسانە و فەرمانەکانیان جێبەجێ کەن. وتیان: پەروەردگار وا بڕوامان هێنا و فەرمانی ئەوانیش جێبەجێ دەکەین. خوا بە فریشتەکانی وت: ئێوەش شایەت بن. وتیان شایەتین و ئەم پەیمانە بۆ ئەوە بوو کە دواتر نەڵێن ئێمە بێ ئاگا بووین یان بڵێن باووباپیرانمان پێشتر موشریک بوون و ئێمە کوڕانی ئەوان و بەرەی دوای ئەوانین. ئایا لەبەرئەوەی کەسانێکی تر کاری خراپیان کردووە ئێمە سزا دەدەی؟ ئەی داوود! ویلایەتی ئێمە لە کاتی پەیمان بەستندا بۆ ئەوان جەخت کراوەتەوە. هەم شیکاریی حەزرەتی شێخ ئەمیر هەم وجوود و ئامادەبوونی زاتیی ئیمامەکان ـ محەمەد و عەلی و ئەهلی بەیت ـ مەسەلەیەکی هەڵبەستراو نییە و راستەقینەیە و بەڵگەی لە پشتە و شەرت و پەیمانەکەش لە بنەماکانی بیروبڕوای ئەهلی هەقە و لە دەقەکەی سەرەوەدا باس کرا.

هەروەها بۆ سەلماندنی ئەوەی کە باس کرا لە بیروبڕوای ئەهلی هەق و لە کتێبی ئوسوولی کافیدا دەنووسێ: ئیمامەکان ئەستوونی زەوین.

١- ئیمام سادق (ع) فەرمووی: ئەوەی عەلی (ع) هێناویەتی ئەنجامی دەدەم و ئەوەی کە نەیویستووە ئەنجامی نادەم. هەموو ئەو سەروەری و فەزیلەتانەی بۆ محەمەد (د.خ) هاتووە بۆ ئەویش هاتووە و محەمەد (د.خ) سەرترە لە هەموو ئافرینراوەکانی خوای گەورە. ڕەخنە گرتن لە بڕیارێک کە بڕیاری عەلییە، وەکو رەخنەگرتنە لە خوا و پێغەمبەرەکەی و کەسێک کە لەسەر پرسێکی بچووک یان گەورە عەلی رەت کاتەوە لە سنووری شیرکدایە بۆ خوا. ئەمیری ئیمانداران (ع) دەروازەی بێ وێنەی خواناسییە و رێگەیە بەرەو خوا. هەرکەس جگە لەو رێگەیە رێگەی تر بگرێتە بەر، بەرەو نەمان دەچێ و ئەمە بۆ هەموو ئیمامەکانی تریش

راستـه. خـوا كـردوونی بە ئـەسـتـوونی زەوی بۆ ئەوەی ببنە پاڵپـشـتـی خـەڵكەكەی (پشـێـوی و سـەرگـەردانی نەیەتە ئاراوە) و وەک هۆكـارێک بۆ ناسـینی خـۆی دیاریی كـردن و نیـشـانی خـەڵكی سـەرزەوی و ژێر خـاک (مـردووەكـان)ی دان. خـوودی ئـەمـیـری ئـەمـینداران سـڵاوی خـوای لێ بێ، زۆر جـار فـەرمـوویەتی: من لـەلایەن خـواوە كـراوم بە دابـەشكار بەسـەر بەهەشت و جـەهـەننەمـدا. لە بەینی هەردووكیـاندا دەوەسـتـم و لایەنگرانم رێنوێنـی دەكـەم بۆ بەهەشت و دوژمنەكانم بۆ جـەهـەننەم. من گـەورەترین كەسـم بۆ جیـاكـردنەوەی هـەق و نـاهـەق و بەهـەشـتـی و جـەهـەنـنـەمی و من خـاوەنـی عـاسـا و مـەیسـەمم. هـەمـوو فـریشـتـەكـان و روحـولقـدوس و پێغەمبەران دانیان بە گەورەیی مندا ناوە هەروەها كە دانیان بە گەورەیی مـحـەمـەد (د.خ)دا ناوە. منیـان لە پلەیەكدا داناوە وەک پلـەی ئەو كە پلەی هیـدایەت و جـێنشـینیی خـواییـیە و ئەوەی مـن لە قیـامـەتدا دەگـوازێتـەوە هـەمـان ئەو شـتـەیە كە پێـغـەمـبـەر دەیگوێزێتـەوە و لەلای خـواوە هـاتووە. پێـغـەمـبـەری خـوا (د.خ) بانگ دەكـرێ و جـل دەكـاتە بەری. منیش بانگ دەكـرێم و جل دەكـەمـە بەرم. ئـەو لێـپـرسـینەوەی لێ دەكـرێ و منـیش لێ پرسـینەوەم لێ دەكـرێ و بەگوێرەی قـسـەكـانی ئەو قـسـە دەكـەم. هەندێ تایبــەتمەندی بـە من دراوە كـە بە كـەس نەدراوە. كـاتـی مـردنی خـەڵک و هـاتنی بەڵا و جیـاكردنەوەی رەوا و نـاڕەوا دەزانم. ئەوەی پێش من هـەبووە لە دەسـتـم دەرنەچووە و ئـەوەشـی سـەبـارەت بە داهـاتووە لای مـن شـاراوە نییـە. بە ئیـجـازەی خـوا مـوژدە دەدەم و هـەر بە ئیـجـازەی ئەو ئـەركـەكـانم جـێـبـەجێ دەكـەم. هـەمـوو ئـەمـانـە لەلای خـواوەیە و ئەو بـە توانای خـۆی منیشـی بۆ ئەو كارانە ئامادە و بە توانا كردووە.

٢- سـەعید ئەعرەج وتوویەتی: من و سلێمـانی كوڕی خالید چووینـە خزمـەت ئیمام سادق (ع). حەزرەت قسەی دەست پێ كرد و فەرمووی ئەی سلێمان هـەر ئـەمـرێک كە لەلایەن ئـەمـیری ئیـمـانداران عـەلی (ع)ەوە هـاتووە دەبێ

جێبەجێ بکرێت و هەر شتێکیش ئەو دەڵێ لێی دوور کەونەوە دەبێ تەرک بکرێت. ئەو گەورەییەی کە بۆ پێغەمبەری خوا (د.خ) هەیە بۆ ئەویش هەیە و پێغەمبەری خوا (د.خ) لە هەموو مەخلووق سەرترە. هەرکەس رەخنە لە بڕیارەکانی بگرێ وەک ئەوەیە رەخنەی لە پێغەمبەری خوا گرتبێ و هەرکەس لە پرسێکی بچووک یان گەورەدا ئەو رەت بکاتەوە لە سنووری شیرک بۆ خوادایە. ئەمیری ئیمانداران (ع) دەروازەیەکە کە جگە لەو دەروازەوە کەس ناتوانێ بە خوا بگات و هەرکەس رێگەیەکی تر هەڵبژێرێ بەرەو نەمان دەچێ و ئیمامەکانیش هەموویان ئەو تایبەتمەندییەیان هەیە. خواش کردوونی بە ئەستوونی زەوی بۆ ئەوەی ببنە پاڵپشت و راگری خەڵکەکەی و وەک هۆکارێک بۆ ناسینی خۆی بۆ مردوو و زیندوو دیاریی کردوون (باقی مەسەلەکە وەکو گێڕانەوەکەی پێشوو دەگێڕێتەوە).

٣- ئیمام باقر (ع) فەرمووی هەرچی ئەمیری ئیمانداران هێناویەتی من ئەنجامی دەدەم و لە هەرچیش وتوویەتی دوور کەونەوە دوور دەکەومەوە. دوای پێغەمبەر (د.خ) جێبەجێکردنی فەرمانەکانی عەلی وەک جێبەجێکردنی فەرمانەکانی پێغەمبەر (د.خ)ە و هەموو گەورەییەکی محەمەد بۆ ئەویش هەیە. هەرکەس بکەوێتە پێشیەوە وەک ئەوەیە پێش خوا و پێغەمبەرەکەی کەوتبێ. هەرکەس لەسەر پرسێکی گەورە و بچووک رەتی بکاتەوە، هاوبەشی بۆ خوا داناوە. چونکە پێغەمبەری خوا دەروازەی بێ وێنەی خواناسییە و تەنیا رێگە بووە بۆ گەیشتن بە خوا و عەلی (ع) هەروایە، دوای ئەویش هەموو ئیمامەکان ئەو تایبەتمەندییەیان هەیە. خوا وەک ئەستوونی زەوی دایناون بۆ ئەوەی ببنە پاڵپشت و راگری ئەو خەڵکە و وەک هۆکارێک بۆ ناسینی خۆی بۆ مردوو و زیندوو دیاریی کردوون. کەس جگە لەسەر هیدایەتی ئەوان هیدایەت ناکرێت و کەسێکیش کە لەسەر رێگەی هیدایەت لای دابێت، تەنیا لەبەر ئەوەیە کە دەرهەق بەوان خەتای کردووە. ئەوان بڕوا پێکراو و ئەمانەتدارن لەسەر هەر شتێک کە

خوا له قورئاندا ناردوویەتی و هۆکار و ڕێ نیشاندەری خەڵکن لەسەر زەوی. هەرچی بۆ پێشینیان لەلای خواوە هاتبووە خوار، بۆ هەموویان دێتە خوارەوە. هەموویان لە زانست و گوێڕایەڵی و هەموو تایبەتمەندییەکاندا یەکسانن و کەس ناگاتە ئەم پلەیە مەگەر خوای گەورە بیەوێت.

ئەمیری ئیمانداران (ع) فەرموویەتی: من لەلایەن خواوە لە نێوان بەهەشت و جەهەنەمدا دانراوم کەس ناچێتە بەهەشت یان جەهەنەم مەگەر ئەوەی کە من دابەشیان بکەم. من پێشەوای خەڵکی دوای خۆمم و کەسێکم کە فەرمانەکانی پێش خۆم بە خەڵکانی داهاتوو دەگەیەنم. کەس جگە لە ئەحمەد (د.خ) لە من سەرتر نییە و من و ئەو یەکسانین. تەنیا جیاوازی ئەوەیە کە پێغەمبەرایەتی (نبو) بە ناوی ئەوە و من شەش فەزیلەتم پێ بەخشراوە:

١- زانستی ئەجەل و مەرگ

٢- زانستی بەڵاکان

٣- زانستی ئەوەی کە پێغەمبەران دەیزانن

٤- ئەو زانستەی کە بڕیار دەدات لە نێوان هەق و ناهەقدا و لە قورئان وەرگیراوە.

٥- من خاوەنی کەراڕ (هێرش بردنی مەیدانی شەڕ یان ئاگادار بوون لە ڕووداوەکانی داهاتوو و رابردوو) و دەوڵەتی حاکم بە سەر دەوڵەتەکاندام.

٦- من خاوەنی عاسا و مەیسەم و بوونەوەرێکم کە لەگەڵ خەڵک قسە دەکات.

مەبەست لە عاسا یان گۆپاڵ، دارێکی تایبەتە کە لە پێغەمبەرانەوە گەیشتووە بە کەسێکی تر و هەمانە کە بە دەستی حەزرەتی موسا (ع)یشەوە بووە و دەست بە دەست گەڕاوە و گەیشتووەتە پێغەمبەری خاتەم (د.خ) و لەوێشەوە گەیشتووە بە عەلی (ع)، لەلایەکی تریشەوە وشەی عاسا ئاماژەیە بە دەسەڵات و مەیسەمیش بە واتای کەرەستەیەکی ئاسنینە بۆ نیشانەدانان کە مەڕیان پێ داخ دەکرد لەبەرئەوەی کە لەگەڵ مەڕی تردا نەگۆڕێت. هەر

لەمبارەوە کەسانێک وتوویانە: مەبەست لەوەی کە عەلی (ع) خاوەنی عاسا و مەیسەمە ئەوەیە کە ئەو شوانی ئوممەتە دوای پێغەمبەر (د.خ) و عاسا و مەیسەم کەرەستەی شوانین و لە گێڕانەوەکاندا هاتووە کە عەلی (ع) لە قیامەتدا کەرەستەیەکی بە دەستەوەیە و بە ناوچاوی ئیماندارانەوە نیشانەی ئیماندار و بە کافرانیشەوە نیشانەی کافر دادەنێ و بوونەوەرێکی زمانزانیشی هەیە ئاماژەیە بۆ ئایەتی پیرۆزی ٨٢ لە سوورەتی ٢٧، کاتێک کە فەرمان لەسەر ئەوان جێبەجێ دەکرێت بوونەوەرێک لە زەوی دێنینە دەرەوە پێیان بڵێت ئەو خەڵکە بڕوایان بە ئایەتەکانی ئێمە نەدەکرد. ئەو بوونەوەرە لە زۆربەی ڕەوایەتەکاندا وا باس کراوە کە لە کاتی نیشانەدانان بەسەر کافران و ئیماندارانەوە بە دەستی عەلی (ع)ەوەیە. (کلینی، هەمان، کتێبی ئەلحوجەجە، ل ٢٨٠ ـ ٢٨١).

ئایا ئەم نیشانە و ڕەوایەتە ئاشکرایانە کە هەمووی سەرچاوە لە کەلاماتی ئەهلی هەق (یارسان) دەگرێت، بۆ گەورەیی عەلی (ع) بەس نییە؟ لە درێژەی باسەکەدا دەبێ بگوترێت کە ئایا ئەهلی هەق لەچاو ئەوانی تری ئەهلی کتێب ئەو پەسندانەی عەلی (ع) زیاتر گەورە دەکەنەوە یان نا؟ لە ڕاستیدا بە وتەی ئەوانەی کە بەڵگەکانی خۆیان لەسەر بنەمای قسەی خەڵکی ئاسایی دادەنێن، عەلی (ع) لە ئەندێشەی شوێنکەوتووانی ئەهلی هەق واتە یارساندا بە شێوەیەکی ڕەها، خوایە و جگە لەو هیچ خوایەکی تر نییە و ئایا تا سەردەمی حەزرەتی عەلی (ع) ئەم خەڵکە بێ خوا بوون؟ ئایا ئەو نووسەرانە کە بانگەشەی وا دەکەن تەنانەت بۆ یەکجاریش قووڵ بوونەتەوە لە دەفتەرە کەلامییەکاندا و ئەم پرسیارە لە بیرکردنەوەی بە پەلەیاندا هاتووەتە ئاراوە؟ وەڵام نەیە.

**خواپەرستی "توحید" لە ڕوانگەی ئەهلی هەقەوە**

لە شیکردنەوە و باسکردنی مێژوویی و فیقهیی ئاینی پیرۆزی ئەهلی هەق تێدەپەڕێ. بۆ زانیاریی زیاتر بڕواننە کتێبی ڕاپەڕینی عەلەوییەکان. لێرەدا

دەگەینە ئەو مەسەلانەی کە:

١- ئەگەر پرسیار بکرێت لە خەڵکی ئەهلی کەلام و دەفتەر و زانا و بڕوامەند بە ئاینی ئەهلی هەق (یارسان) کە ئێوە عەلی (ع) بە خوا دەزانن؟ لە وەڵامدا دەڵێن بەڵێ عەلی (ع) خوایە!

٢- چۆن ئینسان دەکرێ خوا بێت؟ و: هەروا کە عیسای کوڕی مریەم بە بڕوای مەسیحییەکان پلەی خوایەتیی هەیە.

٣ – مەسیحییەکان حەزرەتی عیسای مەسیحییان بە پێغەمبەر دەزانی نەک خوا. و: ئەی بۆچ قورئان دەفەرموێ:

یا اهل الکتاب لا تغلوا في دینکم ولا تقولوا علی الله الی الحق انما المسیح عیسی بن مریم رسول الله.

(نیساء، ئایەتی ١٧١)

واتە: ئەی ئەهلی کتێب! لە ئاینەکەتاندا زیدەڕۆیی مەکەن و جگە لە هەق لە بارەی خواوە هیچ مەڵێن. مەسیح واتە عیسای کوڕی مەریەم نێردراوی خوایە.

بەڵام مەسیحییەکان عیسا بە کوڕی خوا دەزانن و لەم بارەشەوە ئەم ئایەتە هاتووەتە خوارەوە و ئەوان دەڵێن: ئایا بەڕای ئێوە ئەگەر خوا کوڕی هەبێت نابێتە هۆی سنووردار بوونەوە و بەرجەستەکردنی خوا و ئەوەی کە خوا وەک مرۆڤ دەربکەوێت؟ ئایا ئەوان عیسا (ع) و مەریەم (ع)یان بە ئافرینەری خۆیان نەدەزانی؟ ئەمە لە حاڵێکدایە کە بە خوا زانینی حەزرەتی عەلی (ع) و حەزرەتی سوڵتان سەهاک (ق) و... لە ئاینی یارساندا هەروا کە باس کرا، هەرگیز باسی ئەوە نەبووە کە سنووری دەسەڵاتی خوا و هەرێمی بێ سنووری زاتی باری تەعالا ببەزێنرێت یان ئەندێشەی نکۆڵی کردن لە خوا یان شەریک دانان بۆ خوا، بەهۆی بەخوا زانینی عەلی (ع)ەوە لە ئارادا نییە و هەر لە سەرەتاوە یارسانەکان لەسەر ئەو بڕوایە بوونە کە حەزرەتی عەلی (ع) لە

بەرامبەر زاتی هەق تەعالاوە دانانرێت و تەنانەت بیروبڕوای عەوام سەبارەت بە خـوابوونی بە گـوێرەی کـەلام و دەفـتـەری ئەهلی هەق رەت دەکـەنەوە و قەبووڵیان نەکردووە. بۆ نموونە باسی حەزرەتی سوڵتان سەهاکی بەرزنجی و حەزرەتی عەلی (ع) دەکرێت.

حەزرەتی سوڵتان سەهاک روو لە عابدین دەفەرموێ:

عـابدین! لە دایە و لە بابێ
لایلایەی بۆ کـــــرابێ
لە بێـشـــکەی نـرابێ
ئەو خـودا چلۆن خـودا بێ

تەنانەت ئەوەی کە لای یارسان یا ئەهلی هەق بە خوا زانینەکە لە هەردوو زاتەکەدا لێک جیا نین و بڕێکی زۆر لە بیر و هزری توندڕەوانی ئەهلی کتێب ناسکترە و ئەگەر راڤەکارێکی وەکو جەلالی سیووتی لە تەفسیری (لا تغلوا)ی ئایەتی باسکراودا (لا تتبدعوا) (جەلالی سیووتی، ئەلدڕەر و ئەلمەنسوور)، بە شـیاو دەزانێت، ئەگـەر بە ئەندێشـەی مرۆڤـخـوایی ئەهلی هەق ئاشنا بێت، ناگاتە قۆناغی (بداع). لە ئاکامدا کەلامی خوا لە ئەندێشـەی تەوحیدیی ئەهلی هەقدا (واجب الوجود) و بێ پەڕە و سیما و رواڵەتی خاوەن سیفاتی دوور لە کێماسی و کورتی و خاوەن و پادشای هەردوو جیهان لە جەستەی پیرۆزی حەزرەتی عەلی (ع)دا خۆی دەرخستووە و ئەویش بە گەورەیی و دەسەڵات و پاکییەوە خاوەنی ویلایەت بووە. ئەنجامی بیروبڕوای ئەهلی هەق ئەوەیە کە:

خـورشـیـد چو در آیینە تابان گـردد
آیینە "انا الشـمس" نگوید چە کند

واتە: کاتێک ڕۆژ لە ئاوێنە دەدات، ئاوێنە نەڵێت من ڕۆژم، چی بکات؟

عەممانی سامانی فەرموویەتی:

به پرده بود جـــمـــــال جـــمـــيل عـــزّ و جل
به خـويش خـواست كند جلوهاى بـه صـبح ازل
چو خــواست آن كـــه جـمـال جـمـيل بنمـايد
علـــى شـــد آيينه خـــيـــرالكـــلام قـلّ و دل

بۆ سـەلماندنی تـەوحـیـدیش کـەلامـی گـەورەکـانی ئەهـلی هـەق لـە بارەی حـەزرەتی باری تەعـالاوە بەڵگەیە و پێویسـتی بە وەرگـێڕان و بەڵگەهێنانەوە نییە. تەیموور دەفەرموێ:

تاک تـەنیـــای فـــەرد تاک تـەنیـــای فـــەرد
واحـیـد ئەحـــــــەد، تـاک تەنیـای فـەرد
فـــەردێ بێ هـەمـــتـــا نـەزاد و نەمـــرد
کـونـەنـەدەی نـەقـقـاش چەرخـی لاجـەوەرد

(کەلامی تەیموور، ل ٧٠)

نەورۆزی سۆرانی دەفەرموێ:

خــودا خــەبەری خـــــــودا خــەبەری
خـــــــودا تۆ ئاگـای، بینای، خـەبەری
ئەمـــرێ بێ شـــەریک تـاجی ســـەروەری
یەکتـای بێ هـەمـتـای رۆژی مـەحشـەری
عـــادڵێ ئـەزەل ئـەعـــزەمێ عـــــەزیم
خـالــــقێ مـەخلـــووق نەمـیـرێ نەدیم
حـــوکم هـەی ئەژدەر ئـەژدەرهـای هـژمت
مـالـــکێ مـولکێ ئوسـتـادی ئومـمـــەت
قـــادرێ قـــودرەت دایـــم فـــەردی
هیـچکەس بـالاّ دەست، نەزا و نەمـەردی

بێدار نەخشەی خەشخاشێ نووری
مەفهوومێ بفام کووچەی دڵ جووری
راحمێ رەحیم رەززاقێ رەواج
جەلالێ جەبار جەلیلێ میعراج
کانێ کۆی کەرەم کەریمێ سەتتار
ئیسمێ ئولولعەزم یەک نامێ هەزار
عیلمێ لە دوونی لەتیفم وانا
شمشێری شەوکەت پەی دینم شانا

(دەفتەری نەورۆزی سۆرانی ـ ل ١٣٩)

شێخ ئەمیر دەفەرموێ:

خرووس واناوە خرووس واناوە
خرووس زیکرێ زات سوبحان واناوە
مورغان وە ئاواز زەمزەمەی خوشخوو
وانا زیکرێ زات حەیێ لایەموو
لە سەر مناران بولەند بی وە دەر
خێزا بانگێ بەرز ئەڵلاهو ئەکبەر
ئافەریدەگان جین و ئینس یەکسەر
سەر بردن وە زیکر سجوودی ئەکبەر

قوشچی ئوغڵی دەفەرموێ:

پرستش ایتدیگیم زات معظم
نە دوغارنە ئولور دوران اولویدور

تورکی

واته: ئەی خــوای زاتی مــەزن تۆ دەپەرســتم کــە نە لـە دایک بوویت و نە دەمری، هەمیشە بوویت و هەر دەبی.

قول وەلی دەفەرموێ:

قـل هـو الله احـــد دور تـانورام اونـی
بیـر دور ایکی دیور عـالم سـبـحـانـی
الـلـه صـــمـــد دور ایـلـر دیـوانـی
بوگـون انکار اولان دانـلا شـرمـسـار
تورکی

واتە: قل هو الله احد (بڵێ خوا هەریەکە) دەیناسین و دەزانین هەریەکە و دووان نیــیــە و ئەو حــەزرەتی هــەقــە و پاکــە و بێگەردە و ئەو هەمــان خــوایە پێویستی بەهیچ نییە و بڕیار دەدات هەر کەسێک نکۆڵی لە بوون و گەورەییی خوای تاک بکات سبەی لە قیامەتدا شەرمەزار دەبێت. (جەمیل ئەفشار، برهان الحقیقە، ل٣٧) ئەوەڵ سەوگەندم وە یەکتایی وێت ببەخشەم وەو کەس سەر مەدا وەڕێت. (خان ئەڵماس).

## پێغەمبەرایەتی لە روانگەی ئەهلی هەقەوە

دەوترێت ئەهلی هەق (یارسـان) پێـغـەمـبـەرایەتیی حـەزرەتی مـحـەمـەد (د.خ)ی پشتگوێ خستووە و باس لە خوابوونی عەلی دەکات و تۆمەتی ئەوەی لێ دەدەن کە بڕوای بە پێغەمبەر نییە، دەبێ لەمبارەوە بڵێین، ئەهلی هەق نەک هەر پێغەمبەرایەتیی حەزرەتی رەسووڵ (د.خ)ی قەبووڵ کردووە و خاتەمیەتی ئەو حەزرەتەی قەبووڵە بگرە قۆناخی پێغەمبەرایەتیی مـحـەمەد یەکێک لە قۆناخە سەرەکی و گەورەکانە لە کەلام و دەفتەری ئەهلی هەقدا و خوودی شا خۆشینیش دەفەرموێ:

موحەممەد (د.خ) نەلوتف هەق مەکەردەش را
نەسو تا ئێوار مەکەرد ئەیوەڵڵا
دین شەریعەت ئەو رەواج کەردەن
بزانان وە عەین ئیقرار و شەرتەن
رۆژێ نە وەعدە موحەممەد نە میعراج
راهی بی نە راهـ وە رجە نارساج
نە گونبەد خەزرا گوزەرش کەردەن
قودرەت و قاڵب بەشەر ئاوەردەن
چون ریازەتش وە هەق بی واسڵ
وەجامەی یاری ئەو رۆژ بی داخڵ
موعجیز نەمانا وەرای شەریعەت
نەوەعدە القرار ئەو کەردش بەیعەت
نەهەر تەرەف دا نگاهـ مەکەردەش
سەر وە ئاستانەی یاری سپەردەش

(دە فتەری شا خۆشین، ل ١٩-٢٠)

لە کەلامی خەزانەدا هاتووە:

غار مەدینە غار مەدینە
بارگەی شام وەستن غار مەدینە

واتە: ئەشکەوتی مەدینە، بارگەی شاهم لە ئەشکەوتی مەدینە خست

پەسپەسەکۆڵێ تارەش تەنینە
بیور بیوران وەخزمەت شینە

واتە: جۆڵا تەنیا هێلانەی بە دەوردا کرد، دەهەزار دەهەزار هاتنە خزمەتی (برِوایان پێ هێنا) (کەلامی خەزانە، ل٦٢).

قوشچی ئوغڵی دەفەرموێ:

قـــرآن یـالان دیور بـالـلـه ان کـــلام الـلـه

محمد دور رسول الله عالمده معجزان ایلر

تورکی

واتە قورئان درۆ نییە، بەڕاستی کەلامی ئەڵلا و محەمەد (د.خ) پێغەمبەری خوایە کە موعجیزەی عالەمە.

لە شـاهنامەی هـەقیقـەتدا کە بەزمـانی فـارسییـە لە بەشی دووەمی بەرگی یەکـەمدا کە ناودارە بـە (ریزوان) سـەبارەت بە پێـغـەمـبـەری ئاخرە زەمـان لە لاپەڕەی ١٠٢ و ١١٧دا و لە باسی لە دایکبوونی پێغەمبەردا دەفەرموێ:

چو تولیـــد شـــد مـــام و بـابش بمرد

دگـر نان و آب شـیـر مـامش نخـورد

بـه پیش نیـــا بس گـــرانمـایه بـود

ابـوطـالـب از جـــــان او را دایه بـود

پس از مــولد آن شـــهـــریار زمـــان

بـزرگ گــشت کــمکم در آن خـــاندان

درخـــشنده بـودی چـو مـــهـــتـــاب رو

خـــردمنـد خــوش خلق مــشگین مـــو

پس از مـــدتـی ان رســـول کــــبـــار

شـــد از خـــواب بیـــدار از امـــر یار

شـــدی طالب حـق کـــه حـق در زمـــان

او را کــرد خـــاتم بە پیـــغـــمــــبـــران

شاهنامەی حەقیقەت، ل ١٠٨

چونکە قوتابخانەی ئەهلی هەق لە سەردەمی ئادەمەوە تا ئێستا بەردەوام بووە و بگرە بە پێڕەویکردن لە قورئان هەرکام لە پێغەمبەرانی پێشوو کە لەلایەن پەروەردگارەوە هاتوون و ناوی ژمارەیەکیان لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە، بە تەواوی قەبووڵ کردووە.

لەبەرئەوەی قورئانی پیرۆز دەفەرموێ:

قل آمنا باللّه و ما انزلنا علینا و ما انزل علي ابراهیم و اسماعیل و اسحاق و یعقوب و الاسباط و ما اوتي موسی و عیسی و النبیین من ربهم لا نفرق بین احد منهم و نحن له مسلمون.

(ئال عیمران، ئایەتی ٨٤)

واتە: بڵێ بڕوامان هێنا بە خوا و هەروەها بەوەی بۆ ئێمە و ئیبراهیم و ئیسماعیل و ئیسحاق و یەعقووب و ئیسبات هاتووەتە خوارەوە و ئەوی بۆ مووسا و عیسا و پێغەمبەرانی تر لەلایەن پەروەردگارەوە هاتووە و ئێمە جیاوازی لە نێوانیاندا دانانێین و ملکەچی فەرمانەکانی ئەوین.

بڕوا بە ئاینە ئاسمانییەکانی رابردوو، نیشاندەری یەکبوونی بیروبڕوایانە و ئەهلی هەق وەک ئاینەکانی تر بەسەرنجدان بە یەکڕیزیی بنەمایی لە بازنەی بڕواداران بە تەوحید و نەبووەت بڕوادار بووە و دوای بڕوا بە پێغەمبەرایەتیی خاتەم (د.خ) بە دەرکەوتنی خواوەندیی حەزرەتی عەلی (ع) لە بازنەی جەستەیی قۆناخی شەریعەتدا، ئیسلام لە ئەندێشەی ئەم ئاینە ناریی‌یەدا پێگەیەکی تایبەتی بەدەست هێنا کە بەڵگەکان لەم بارەیەوە بۆ خوێنەران باس کرا و بە رای زانایان و مەرجەعە ئاینیەکان بە خوا زانینی حەزرەتی عەلی (ع) و حەزرەتی سوڵتان سەهاک لایی ئەهلی هەق کە باسی کراوە، بە واتای جەستە بوون و سنوورداربوونی زاتی باری تەعالا لە جەستەدا و "نعوذ بالله " نکۆڵیکردن لە خوا نییە و ئەهلی هەق هاوتەریبی هەموو ئاینە ئیلاهییەکانی

دنیا بڕوای بە ئەندێشەی دۆستی و برایەتی و یەکسانی و ئاشتی و دادوەری هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا بڕوای بە تەوحید و نەبووەت هەیە. بەو باسانەی کە سەبارەت بە بیروبڕوایان کۆکراوەتەوە لە بەستنی مەکتەبە یەکتاپەرستەکاندان و هیچ پاسایەکی یەکلایەنە و عەوامانە و نامەنتیقی لەسەر ئەوەی کە ئەوان بنەماکانی ئاین و تەوحید و نەبووەت و تەنانەت مەعاد ڕەت دەکەنەوە، لە ئارادا نییە.

ئەوەی لە بارەی ئەو قوتابخانەیەوە وتراوە، هیچ بەڵگەی بڕوا پێکراو نین. ئەمەش لە فتوایەکی حەزرەتی ئیمام خومەینی (ر)ە و حەزرەتی ئایەتوڵاهولعوزما خۆیدا وەک بەڵگەیەک بۆ پشتڕاستکردنەوەی بڕوای ئەهلی هەق و پووچەڵکردنەوەی ئەو تۆمەتە نارەوایانەی کە دەدرێنە پاڵ ئەم ئاینە، بە تەواوی خۆ دەردەخات کە دەفەرموون: تەنانەت غەلات (ئەوانەی کە لە بیروبڕوای ئاینیدا توندڕەون و تاقمێک لە شیعەکان کە عەلی (ع) بە خوا دەزانن) تەنیا لە کاتێکدا بە کافر دادەنرێن کە بە ئاشکرا یەکێک لە ئیمامەکان (ع) بە خوا بزانن یان بڕوایان وابێ کە ئەو پێغەمبەرە. بە پێچەوانەوە ئەگەر بڕوایان بە تەوحید و پێغەمبەرایەتیی موحەممەد (د.خ) ببێ، هیچ کام لە ئاین و مەزهەبەکان بە هەر بیروبڕوایەکەوە بەو مەرجەی کە بڕوایان بە خوابوونی مرۆڤێک نەبێ، کافر نین و نابێتە هۆی دەرچوونیان لە ئیسلام. تەنانەت ئەگەر بڕواشیان بەوە هەبێت خوا هەموو کاروباری خۆی بە عەلی (ع) سپاردبێت، نابێتە هۆی کافربوونیان. (ئیمام خومەینی، کتێبی ئەلتەهارە، ب ٣، ل ٣٣٩ ـ سەید سادق سەید حوسەینی، هەمان، ل ٢٠٤)

حەزرەتی ئایەتوڵاهولعوزما سەید ئەبولقاسم خۆی دەفەرموێ: بۆ بڕوا هێنان بە ئیسلام، وتنەوەی شەهادەتەین بە زمان بەسە، هەرچەند کە لە دڵیشەوە بڕوای پێ نەبێت و بە پێچەوانەی ئەوەی کە بە ڕواڵەت وتراوە، لە دڵدا هەرچی هەبێت گرینگ نییە. واتە "نعوذ بالله" مونافیق بێت. بەڵگەش بۆ ئەم باسە هەم حەدیس و هەم ڕێگە و ڕەوشتی سەردەمی پێغەمبەر (د.خ) کە ئەو

موسڵمانبوونی کافرەکانی تەنیا بەوە قەبووڵ دەکرد کە بە زمان ئیسلامیان قەبووڵ بکردایە و سەرەڕای ئەوەی کە گومانی لەوەدا نەبوو لە دڵەوە بڕوایان پێی نییە، قەبووڵی دەکرد لەبەرئەوەی ئەگەر نەڵێین لە رووی عادەتەوە پرسەکە نامومکینە، بەلایەنی کەمەوە ئەوە زۆر دوورە کە کافرێک تەنیا لەبەر بینینی سەرکەوتن و زاڵبوونی ئیسلام بەسەریاندا بڕوا بێنێت و ئیسلام قەبووڵ بکات. (ئەلتەنقیح، بەرگی ٣، ل ٢٣٢ ـ هەمان، ل ١٦٢).

ئەگەر ئەهلی هەق دوور بن لە هەرچەشنە دووڕوویی و دووبەرەکی و تایبەتمەندییەکی خراپ و بە دڵ بڕوایان بە یەکبوونی خوا و پێغەمبەرایەتیی محەمەد و ویلایەتی هەتا هەتاییی مورتەزەوی و مەعاد هەیە و بە سەلمێندرانی بیروبڕوای ئەهلی هەق (یارسان) بۆچوونی ئەهلی سوننەت و زانایانیش لەسەر ئەو ئەهلی هەقانەی کە لە تورکیای عوسمانی و عێراقدا، عەلەوی و کاکەییان پێ دەگوترێت، جێگەی بایەخە و ئیبنی تیمییەی حەرانی، لەم بارەوە دەڵێت: رەوا نییە تەنیا لەبەر پرسێکی وەک ناکۆکیی بیروبڕوایی لە نێوان ئەهلی قیبلەدا، هیچ موسڵمانێک بە کافر دابنرێت. حەرامە مەزهەبێک، مەزهەبێکی تر تەکفیر بکات و خوێنی پەیڕەوانی مەزهەبێکی تر برێژێ و ماڵ و سامانیان تالان بکات. هەرچەندە کە لەو مەزهەبەشدا بە ئاشکرا بیدعەتێک ببینرێت. (مجموعة الرسائل و المسائل، ب ٢، ل ٣٧٨)

بەم پێیە تەنیا دوو بنەمای تەوحید و نەبووەت بە واتایەکی گشتی لە کەلامدا باس کراوە و شیکردنەوەکانی تر لە بیروبڕوا و بنەماکاندا پێوەندییان بە باسی فیقهییەوە نییە و باقی پرسە بیروبڕوایی یان کردەییەکانیش لە دەرەوەی بازنەی بنەماکانی ئاین بە واتا فیقهییەکەی و ئیسلام لە رووی چەسپاندنی بڕیارە رواڵەتییەکانەوە لەم جیهانەدا شتێکی بەدەر لە وتنەوەی شەهادەتەین و دانپێدانان بە تاقانە بوونی خوا و پێغەمبەرایەتیی محەمەد (د.خ) نییە کە پاداشی ئەو دنیاش لە کاتێکدا وەردەگرێت کە بڕوای بە دڵیشی لە دڵدا بێ و ئاشکرایە کە ئیسلام تەنیا بڕوا و ئیمان نییە و شێوە

ڕواڵەتییەکەی مانایەکی تر دەبەخشێ و هەرکام لە ڕواڵەت و بڕوامەندیی بە دڵ بەجێگەی ئەوی تریان نابێ و پێویستە بەڵگەی تایبەت و تەواو بۆ هەردوو دیاردەکە لە ئارادا بێت و تایبەتمەندییە مەزهەبییەکان نابنە هۆی یەکانگر بوونەوەی بنەماکانی دین لەگەڵ ئەو مەزهەبانەی کە لێی نزیکە. بەم پێیە بەسەرنجدان بە شیکردنەوە و باسکردن لە ڕوانگەی خوا مرۆیی حەزرەتی عەلی (ع) لە ئەندێشەی ئەهلی هەق (یارسان)دا، هیچ گومانی تێدا نییە کە ئەوان دەکەونە بازنەی یەکتاپەرستی و دوورن لە شیرک و کوفر و بە ڕاستی دەڵێی بیروبڕوای ئەهلی هەق سەبارەت بە حەزرەتی عەلی (ع) ڕاڤەکردنی فەرموودەیەکی ئیمام باقر (ع)ە کە دەفەرموێ:.....عن ابی جعفر (ع) قال : ان اللّه عزّ و جل نصب علیاً علماً بینه و بین خلقه فمن عرف کان مؤمناً و من انکر کافراً و من جهله کان ضالاً.

ئیمام باقر (ع) فەرمووی: خوای گەورە حەزرەتی عەلی (ع)ی بە نیشانەیەک لە نێوان خۆی و مەخلووقەکانیدا دانا، بۆ ئەوەی هەرکەس بیناسێ، ئیماندار و هەرکەس نکۆڵیی لێ بکات، بە کافر دابنرێت و ئەوەی کە نەیناسێت (نکۆلیی لێ نەکات)، گومڕایە. (کولەینی، ئوسوولی کافی، ب ١، ل ٤٣٨، حەدیسی ٧ ـ هەمان، ل ٢١٢)

ئەمڕۆ بە سەرنجدان بە هەبوونی فیرقە و لایەنی جۆراوجۆر لە دینە ئیلاهییەکان و بەتایبەت لە ئیسلامدا ناتوانین بە ڕوانینێکی فیقهیی ڕووت و چینایەتیی پاوانخوازانە سەیری قوتابخانەگەلێکی وەک ئەهلی هەق (یارسان) بکەین، بگرە وەک ئیمام خومەینی (ر. ە) و بڕێکی تر لە فەقیهەکان سەبارەت بە لایەنی چاکەی ئیمامان و ئیمامەتیان و ڕەفتار و وتاری غەیرە فیقهییان باسیان کردووە و قەبووڵیان کردووە، ئەوە دەردەکەوێت کە باسکردن لە بڕیار و حوکمی فیقهی مەبەستی ئەوان نەبووە و دەبێ کردەوە لە پشت ئەم پرسەوە بێت لەبەرئەوەی بە بۆچوونی ئەو بەڕێزانە پرسی مەزهەب پرسێکی غەیری فیقهییە. بەڵام زانایانی وەک شێخ موفید تەنانەت بۆچوونیان دژ بە ئاگاداریی

ئیمامان (ع) بووە لە هەموو زانست و زمانەکاندا و تەنانەت نەیاری ئەوەش بوون کە رۆحی ئەوان پێش ئادەم هەبوو بێت. (اوائل المقالات، ل ٨٤ ـ ٧٧ و هەروەها المسائل السرویە، ل ٢١٢ ـ ٢١٠ / هەمان، ل ٢١٤-٢١٥)

**مەعاد لە روانگەی ئەهلی هەقەوە**

بە خستنەڕووی بەڵگەکان و سەلماندنی تەوحید و نەبووەت لای ئەهلی هەق (یارسان)، لێرەدا باسێک لەسەر مەعاد دەکەین لە روانگەی شوێنکەوتووانی ئەم ئاینەوە.

بە رای هەموو زانایان و گەورەپیاوانی یارسان، ئەوانەی کە خوێندنەوەیان هەبووە لە کەلام و دەفتەر و نووسراوەکانی بیروبڕوای یارسانیدا و رۆ چوون بە ماناکانیدا و لێکدانەوەیان هەبووە، هەروەها بە پێی بڕوای خاوەن کەلامەکانی یارسان و گەورەپیاوانی ئەو ئاینە، ئەهلی هەق هەموویان بڕوایان وایە کە دۆنادۆنی لە قوتابخانەی ئەهلی هەقدا لەگەڵ تەناسوخ جیاواز بووە و ئەوانەی کە ئەم دوانە بە یەک دەزانن، سەرنجی تایبەتمەندییەکانی ئەو دوو چەمکەیان نەداوە و بۆ رەتکردنەوەی بیروبڕوای لایەنی بەرانبەر بەبێ سەرنجدان بە قووڵایی و توێژە جیاجیاکانی کەلامی زانایان، بە تەناسوخ لێکیان داوەتەوە.

شوێنکەوتووانی ئەهلی هەق و یارسان بڕوایان بە بەرزبوونەوە و سلووکی رۆحی هەیە لە جەستەی جۆراوجۆردا کە هەزار و یەک جار و بە ئەندازەی ناوەکانی خوای سوبحان دووپات دەبێتەوە و تا مرۆڤ هەموو ناوەکانی خوا دەرک نەکات، شیاوی ئەوە نییە کە بگاتە ئەسڵی بنەوا و ئەم هاتن و چوونە بۆ ئەوەیە مرۆڤ لەو ماوەیەدا دەرفەتی پێویستی بۆ پاککردنەوەی دەروون و گەڕانەوە بۆ ئەسڵی خۆی هەبێت لە سەفەری "من الخلق الی الحق"دا و بەبێ وەستان لە بازنەی " انا لله و انا الیه راجعون"دا سیفەتەکانی سوبحانی بدۆزێتەوە و لە دووری "فیراق و هیجران"دا نەمێنێتەوە. زۆربەی هەرە زۆری

گێـڕانەوە و رستــە پیـرۆزەکـانی کـەلام باسـی بەرز بـوونەوە دەکەن. جگە لەو بنەمــایانەی لەم دەقــەدا ئامــاژەی پێ دەکـرێت، شـوێنکەوتووانی ئەهلـی هەق بڕوای تەواویان هـەیە بە رۆژی قیامەت و رۆژی حەشر. شێخ ئەمیر دەفەرموێ:

نـیـکـان و بــەدان ئـەورۆ عـــــەیـان مــــەو
هەم خێر و هەم شـەڕ هەردووش میزان مـەو
نـە زەڕڕە زیـای نـە زەڕڕە کـــــەم مـــــەو
وە زەڕڕە و مـسـقـاڵ میل میـزان خـەم مـەو

هـەروەهـا دەفەرموێ:

نیکـان و بـەدان گــشـت هـامـــســـەفـــەرن
تـا وەپای مـــیـــزان رۆژی مـــەحـــشـــەرن

لە جێگەیەکی تردا دەفەرموێ:

هــەر کـــــــــەس نـەزانـۆ تـاقــی بـزانـۆ
دنـیــــا وە بـازیـی تـفـــلان مـــەمـــانۆ
تـۆ دیـت مـنـالان ســـــــــەنـگـێ ئـاوردەن
هەرکـــەس یەی یانـە پەی وێشــان کـــەردەن
ســـاتێ کـــە نـیـــشـتن نۆ ســـەنگێ غـــایو
چـینۆ یـانـەشـــا، ســــەنگ مـن بێ ســـایۆ
رەنجـــــەڕۆ نـیــــان گـــــەنجێ تـەلا و لال
چـەمنی دنـیـــاپۆش بـەزرێ پـێ وێت کــاڵ

دیسان دەفەرموێ:

یـاران نـەترســـــان نـەی ســـیـــاســــەتە
تەسلیــمی گـیـانان چـون غـویتــەی بەتە

هەرکــەس بناســۆ شــۆن جــامــەیە وێش
نــەی کـــــــــۆچ و رۆڕۆ نــەدارۆ ئــەنـدێش

شا تەیموور دەفەرموێ:

حـــســـابی دەفــتـــەر گــشت نە تۆمـــار بۆ
قـــازی هەواڵ پرس، جـــۆیای کـــردار بۆ
ئەناس و زکـــوور خـــەلایق ســــەف بۆ
نامـــەی ئەعــمـــالان یەکــســـەر نە کــەف بۆ

دیسان دەفەرموێ:

کـــردە و نەکـــردە حـــەســـاو دەرکـــار بوون
دیوانـێ عـــــادڵ جــــــە بەڕ تا بار بوون

دیسان دەفەرموێ:

قـــەپانێ قـــانوون چون لەلەی حـــەســـاو
وەزنـێ تەفـــاوت ئازمــــوودەی عــــەزاو
فـــرقـــەی نیک و بەد بەتەی خـــار و گـــوڵ
تـەمــــــام نەپای تـەخت دیوانـی عـــــادڵ
یەکـــایەک نە ســـــەف مـــاوەرۆ ئەو پێش
نیک و بەد تـەمــــــام هـەریـەک وەپای وێش

خان ئەڵماس دەفەرموێ:

یارســـان هـەرکــەس وەبەخـــتێ وێتـــان
کـــردەی کـــردەتان مـــەیۆ وەرێتـــان
هـەرکــەس نامـــەی وێش ها وەدەســـتـــان
خــەس مــەیەن وەخــاس گــەس و گــەســتـــان

ئەوەی خـوێنەری بەڕێز خـوێندیەوە، پاسـاو دروسـتكراوی پێناوی مەسڵەحەت و بەرژەوەندی نییە، دەقی ئاشكرای كەلاماتی ئەهلی هەقە كە لە وتار و بیروبۆچوونەكاندا باسی كراوە و هیچ شوێنكەوتووێكی ئیماندار و هیچ لێتوێژەوەیەكی بە ئاگا و خاوەن مەنتیق، گومانی لێی نییە. ئایا راڤەكردنی ئەم پەیامە ئیلاهییانە سەبارەت بە مەعاد، تەناسوخە؟ هەروەها ئاماژەش بەوە كرا كە حەزرەتی سوڵتان سەهاكی بەرزنجی هیچ كام لە بیروبڕوای خۆی بەشێوەیەكی بێ ئاگایانە لە ئەندێشەی رابردووی قەبووڵ نەكردووە و ئەگەر كەس یان كەسانێك بێئاگا لە رووی چەندی و چۆنێی پرسگەلێكی وەك تەوحید و نەبووەت و مەعاد بەپێی "لا لحب علي بل لبغض معاوية"، پرسەكەیان خستووەتە بەرباس و لیكۆڵینەوە، ئەوە بنەمایان خەوشاندووە و قوتابخانەی سوڵتان سەهاكیان بردووەتە ژێر پرسیار. چونكە جیاوازیی زۆر هەیە لە نێوان بەرزبوونەوەی رۆح و دابەزینی تەناسوخیدا. بۆ دەرككردنی ئەم چەمك و مانایە، سەیری جیاوازیی زۆر دەكەین لە نێوان دوو بابەتەكەدا كە لە بۆچوونی هەندێ لایەندا پرس و چەمكەكان بە هەڵە تێكەڵ كراون.

١- مەكتەبی سوڵتان سەهاك لەسەر بنەمای ئەوین و عیرفانی (ویلایەت و سەرپەرشتی) و عەلەوی رۆنراوە و بەم پێیەش لە كاتی لە دایكبوونەوە تا مردن و دیسان لە دایكبوونەوەی جەستەیی، رۆح بەردەوام تێكەڵ بە سەیر و سلووكی راستەقینەیە.

٢- قوتابخانەی سوڵتان سەهاك بە قەبووڵكردنی تەوحید و نەبووەت و مەعاد وەك بەشێك لە ئەندێشەی ئیسلامی هەروا كە پێش لە ئیسلام لە سەرانسەری ئاینە ئاسمانییەكانی پێشوو بە درێژاییی مێژوو ئامادەبوونی هەبووە، بە قەبووڵكردنی كتێبە ئاسمانییەكان بەگوێرەی قەبووڵكردن و پشتڕاستكردنەوەی لەلایەن قورئانی پیرۆزەوە، بنەمایەكی پتەو و گونجاوی هەیە كە هەرگیز نوشوستیی بۆ نییە.

٣- هەر بەم پێیە بەپێچەوانەی هەموو قوتابخانە تەناسوخییەکان، ئەهلی هەق خاوەن بۆچوونێکە کە بڕوای بە (مبدأ) هەیە لەسەر ڕێبازێکی بەرزبوونەوەی ڕۆح و تێپەڕکردنی پلەکان لە جەستەیەکی بە ئەمانەت گیراو و ئامێریدا و تاکە ئامێریش بۆ تێپەڕکردنی پلەکانی ناخ بەهۆی گەڕانی ڕۆحەوە لە جەستە جۆراوجۆرەکاندایە کە زۆربەی هەرە زۆری عارفەکان بڕوای تەواویان پێیەتی و بەردەوام لە بەرهەمەکانیاندا دان بەو پرسەدا دەنێن.

٤- دۆنادۆن کە زۆر کەس بە پرسێکی جیاکراوەی دەزانن، بنەمای زمانیی هەیە و بە واتای خولخواردنە، نەک بزووتنێکی یەک هێڵ و ڕێک کە بەرزبوونەوەی بۆ نییە و ئەم خولخواردنە دوای "انتقالات من الدار الی الدار" توانا و شیاوەتیی پێوەندی گرتن بە مەبدەئەوە بەدەست دێنێت.

٥- شیکردنەوەی حەزرەتی سوڵتان سەهاک لەسەر ڕۆح، ڕواڵەتی جۆراوجۆرە کە لە پلەکانی مەعنەویدا شیاو و کارا (قابل و فاعل)ە و لە تەفسیرەکەیدا کە لەسەر دەقی ئاشکرای قورئانی پیرۆز کراوە: "تعرج الملائکة و روح الیة في یوم کان مقدارة خمسین الف سنة"(٤/٧٠).

واتە : فریشتەکان و ڕۆح بەرەو ئەو بەرز دەبنەوە ڕۆژێک کە بەقەدەر ٥٠ هەزار ساڵە.

بە فەرموودەی حەزرەتی سوڵتان لەبەرئەوەی کە مادە (مجردات) نابزوون، بەم پێیە ڕۆحی گەڕۆک کە لە مەبدەئی زات دابەزیوە، دوای ئەوەی دەرکی بە هەزار و یەک سیفەت لە سیفەتەکان کرد کە "الأسماء الحسنی"ن شیاوەتیی ئەوە بە دەست دێنێت کە گری بخواتەوە بە ئەسڵ و بنەچەوە و هاوڕێ لەگەڵ فریشتەکاندا کە بە زەمان سنووردار نین، دوای تێپەڕکردنی زەمانێکی ٥٠ هەزار ساڵە، کە لەلایەن قورئانی پیرۆزەوە پشتڕاست کراوەتەوە و بریتییە لە ڕۆژێکی جیهانی سەروو، دەگەڕێتەوە بۆ ئەسڵ و بنەچەی خۆی و لە ڕاستیدا "

انا لله و انا اِلیه راجعون" کە بزووتنێکی دەوری واتە خولخواردن و دۆنادۆنییە، هاوواتا دەبێت لەگەڵ دوعای سەرەتا و کۆتاییی یاردا. چونکە ئەگەر ئەهلی هەق بڕوای بە تەناسوخ بێت، لەو جیاوازییە ئاشکرایانەی کە لە خوارەوە ئاماژەی پێ دەکەین، هەر کاتێک ئەو دوعای سەرەتا و کۆتاییی یارە بەکار ببات، نەفرەت لە ئەندێشەی تەناسوخی خۆی دەکات و راڤە و شیکارییەکەشی بەپێچەوانەی خواستی سەرەکیی حەزرەتی سوڵتان سەهاک دەبێت.

## جیاوازی و دژایەتیی تەناسوخ لەگەڵ دۆنادۆنی

١- تەناسوخ دەبێتە هۆی دەور واتە خولخواردن و دەوریش بەتاڵە. بەڵام دۆنادۆنی لەبەر چۆنایەتیی تایبەتی خۆی هەرگیز ناچێتە چوارچێوەی دەور و خولخواردنەوە.

٢- تەناسوخ بە پێچەوانەی دۆنادۆنی لەسەر ئاراستەیەکی تەختی بێ وەستانە و هەرگیز بەرزبوونەوە بە خۆوە نابینێ کە ئەوەش دیسان بەتاڵە.

٣- تەناسوخ وەکو رەوتێکی نکۆڵیکار سەرەتا و مەبەستی نییە. کە ئەم پرسەش هەرگیز لای حەزرەتی سوڵتان سەهاک مەبەست نەبووە و هێنانەئارای سووکایەتییە بە ئەهلی هەق کە بە تەواوی بریتییە لە ئەوین و عیرفان و پڕە لە هەموو شتێکی ئینسانی.

٤- تەناسوخ بڕوای بە پرسێکی دووری گۆڕینی "کردە" بە "هێز"ە کە پرسێکی سەرپێچیکارانەیە و بڕوای بە حەشر و مەعاد نییە، لەحاڵێکدا کە بە گوێرەی دەقی کەلامـاتی ئەهلی هەق گەورەپیاوان و زانایانی ئەو قوتابخانەیە جگە لە بەرزبوونەوەی رۆح و بزووتنێکی بەرەوسەر بڕوایان بە حەشر و نەشریش هەیە و شوێنکەوتووان ئەرکمەند دەکات بە بەڕێوەبردنی ئەرکی ئینسانی و پاراستنی ئەمانەتی ئیلاهی کە گەوهەری رۆحی مرۆڤە.

٥- له تەناسوخدا لەبەرئەوەی سەرەتا و مەبەست لە ئارادا نییە، بەم پێیە شوێنیش لە ئارادا نییە و ئەرکی مرۆڤ و ماهییەتی مرۆڤ نادیارە و زەرەی زات کە ئەمانەت و شیکردنەوەی (سەرەتا یار و لە کۆتاییدا یارە)، لە تەناسوخدا هیچ مانایەکی نییە، چونکە هیچ ئەمانەتێک ناتوانێ لە نادیار (مجهول) بۆ نادیار (مجهول) پەیام و ئەرکێکی پێ بێت و ئەرک و ئەمانەتی رۆح و شەرت و قەراری ئەزەلی لە قوتابخانەی ئەهلی هەقدا بەرزبوونەوەیە لە مەبدەئی سەرەتاییەوە کە زاتی باری تەعالایە، بۆ مەبەستی یەکجاری کە دیسان زاتی باری تەعالایە. لە خواوە بۆ خوا، لەگەڵ خوادا بۆ خوا. (ئەهلی هەق، یارسان) = (کاکەیی، عەلەوی).

٦- لەبەرئەوەی کە تەناسوخ لەسەر هێڵێکی راست و بێ سەرەتا و مەبەستی دیاریکراو رێ دەپێوێ، پرسی زمان و میزان و جاری گواستنەوەی شوێن بۆ شوێنکەوتووەکانی دیار نییە و هاتوچۆی جەستە و رۆح لە جیهاندا هەتاهەتاییە، لە حاڵێکدا کە دۆنادۆنی سەرەتا و مەبەستەکەی دیارە (٥٠ هەزار ساڵ) و ژمارەی هاتن و چوون و بەرزبوونەوەی رۆح (هەزار و یەک) بە گوێرەی ناوەکانی خوایە. بە گشتی بنەماکانی بە پێچەوانەی روانگە و پێکهاتە و چۆنایەتیی تەناسوخە و یەکێک لە هۆیە سەرەکییەکانی دۆنادۆنی بۆ سەلماندنی لە باسی زانایانی ئەهلی هەقدا نەبوونی کاتی پێویستە لە ماوەی ساڵانی سنووردارکراوی ژیانی مادی و جەستەییی مرۆڤدا بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکان و بەرزکردنەوەی پلەی رۆح و کات جگە لەو گرینگایەتییەی کە لە پرسی دۆنادۆنیدا هەیەتی، بە پێچەوانەی تەناسوخ، لە گرینگترین بابەتە فیکرییەکانی قوتابخانەی ئەهلی هەقە.

٧- ئەو نیشانە نایابانەی کە لە بەرزبوونەوەی رۆح و لە کەلاماتدا بوونەتە هۆی سەر لێشێواوی و تێگەیشتنی ناڕاست بۆ هەندێ کەس و ئەو کەسانە بەبێ خوێندنەوە و وردبوونەوە و ناسیاریی بنەمایی لەسەر ئەهلی هەق ئەم ئاینە بە تەناسوخ تۆمەتبار دەکەن، زیاتر خۆ بەکەم گرتنی

عیرفانی و تەمسیلە کە لە هەندێ حاڵەتدا دەبێتە هۆی سەرسوڕان و هەرکامەیان راڤەی تایبەت بە خۆیان هەیە. زۆربەی هەرە زۆری کەلامەکان بریتین لە بزووتنێکی بەرەو سەر و هەندێ شیکاریی ناتەواوی لەم چەشنە بەبێ لە بەرچاوگرتنی بنەمای راست و دەرک پێکردنی مانا و چەمک و راڤەکارییەکان، هەڵەن و دەچنە چوارچێوەی زاڵکردنی (جُزء) بەسەر (کُل)دا. هەڵبەت بە بێ تێگەیشتنێکی راست لە جُزء و رێساکانی.

٨- لووتکەی ئەندێشەی تەناسوخ بە "بوودا"وە ناسراوە. بە رای ئەو ئەم بابەتە بۆ کاملبوونی ئیرادەی مرۆڤە نەک بۆ ژیان بگرە بۆ ئەوەی کە خۆی لە هەموو گرێدراوییەکی دونیایی رزگار بکات و لە دایکبوونەوەیەکی دووبارەی هەبێ بۆ ئەوەی بگاتە نیروانا. رۆح لە قۆناغی نیروانادا ئیدی حەز بە ژیانی دونیایی ناکات. جەستە و مادە نییە بگرە بە ئازادی دەمێنێتەوە. دوای نیروانا چی بۆ رۆح روو دەدات، لەم بارەوە بوودا بێدەنگە و هیچ فێرکارییەکی نییە. بوودا بڕوای بە رۆحی بەرز یان هێزی بەرزەجێ لە جیهاندا نییە. ئەو لەسەر گریمانەی ئەسڵی بەجەستە بوون (تجَسُّد) دەستی پێ کرد. ئەمە بنەمایەکە کە لە ناو "برەهمەن"ەکاندا باوە بەڵام بڕوای بە رۆحی جیهانی نەبوو و ئەم پرسیارە و ئەم گرفتە وەک گرینگترین گرفت سەبارەت بە ئەندێشەی تەناسوخیی بوودا هێنرایە ئاراوە. ئەوەی کە تەنانەت لە نیرواناشدا دەبێ هێز و سەرەتاییەکی بینا و ئاوەزمەند و شیاو هەبێت کە هاتوچۆی رۆح کونترۆڵ بکات و لە هەموو شوێنێکدا هەبێ و لە ئەندێشە و قوتابخانە جیاجیاکاندا کە وەکو لق و بەش لێی بوونەتەوە سروشت وەک ئەسڵێکی بەردەوام و میکانیکی لە بەردەم راستەقینە و مەبدەئدا دەرکەوێت و دەریش کەوتووە. لەحاڵێکدا کە ئاینی بەرزەجێی حەزرەتی سوڵتان سەهاک و پێشەنگانی ئەم ئاینە لە بنەما نەگۆڕەکانی بیروبڕواییاندا بۆ هەر بابەتێک بنەمایەکیان داناوە و ئەوەی کە بەبڕوای ئەوان دەمێنێتەوە، هەقیقەت و راستی و کەرەستەی

پێوەندیگرتن لەگەڵ ئەویش بە مەعنەوییەت دەزانن و لای ئەوان ئەوەی کە بگۆڕە و نامێنێتەوە، سروشتە.

بە سەرنجدان بەوەی کە باس کرا، بنەمای بیروبڕوای تەوحید، نەبووەت و مەعاد بە بۆچوونی شوێنکەوتووانی ئایینی ئەهلی هەق و بەگوێرەی قەبووڵکرانی ئەندێشە بنەواییەکانی لەلایەن هەموو ئەو شوێنکەوتووانەوە بە پشت بەستن بە بەڵگە روون و ئاشکراکان کە لە یاسای ئایینی ئەهلی هەق واتە یارساندا هاتووە، ئەو ئەنجامە وەردەگیر دێت کە ئەو هەوڵانەی بۆ بەلاڕێدا بردنی جەماوەر سەبارەت بە ئەهلی هەق لەئارادان، پووچ و بێ بەڵگەن.

حەزرەتی خان ئەڵماس دەفەرمێ:

پەی بەعەدش وەعەدەی هەن و هەزار بۆ
روخسەت ژ مەهدی (ع) شای ساحێب کار بۆ

(وتاری خان ئەڵماس، ل ٢٨)

واتە: بۆ پاش ئەوە بەڵێن هەزار و ئەندێکە و مۆڵەت لە حەزرەتی مەهدیی مەوعوود (عج) کە فەرمانڕەوایە، وەردەگرێت.

بۆ نیشانەی قەبووڵکرانی دادگەری لە بیروبڕوای ئەهلی هەقدا تەنیا پشت بە فەرموودەی نەورۆزی سۆرانی دەبەستم کە دەفەرموێ:

عادڵێ ئەزەل ئەعزەمێ عەزیم
خالقێ مەخلووق نەمیر و نەدیم

سەبارەت بە تەکفیرکردنیش چونکە زۆربەی هەرە زۆری شوێنکەوتووانی ئەهلی هەق لە باوک و باپیران و کەس و کارییانەوە، بەرە لەدوای بەرە، ئەو بیروبڕوایەییان پێ گەیشتووە، چەمکی تەکفیر و هەڵگەڕانەوە لە دین بە هیچ شێوەیەک تەنانەت بە بڕوای زانایانی بواری فیقهیی دژ بەوانیش راست نییە

و جگە لەوەش بە سەلماندنی بیروبڕوای جۆراوجۆر و فتوای زانایان سەبارەت بە ئەهلی هەق بە هیچ شێوەیەک بڕیاری تەکفیر لەسەر ئەوان راست نییە. لە بواری ئەحکامیشدا لە سەرەتای وتارەکەدا بەگوێرەی فەرموودەی زانایان و پێکهاتەناسیی دینەکان بەتایبەت دینی پیرۆزی ئیسلام، بە ئاشکرا راگەیەندراوە کە ئەو بڕیارانە لەسەر ئەوە نین کە لە دین و بەتایبەت لە چوارچێوەی ئیسلام و ئەهلی کتێب دەرچووبن. لێرەدا بەگوێرەی تێگەیشتنی هەر مرۆڤێک دەبێ باسەکە لێک بدرێتەوە و پرسە شێوێندراوەکان بخرێنە بەر باس. چونکە وەک وتراوە هیچ شتێکی پاک و بێگەرد لە جیهاندا نییە. خوای گەورەش ئاماژەی کردووەتە ئەو خاڵە و دەفەرموێ: أنزلَ مِنَ السماءِ ماءً فَسَئَلَت أوْدیَة بِقَدَرِها (رەعد، ئایەتی ١٧) ئەو ئاوەی لە ئاسمانەوە دێتە خوار، بە ناچار تێکەڵ بە گڵ دەبێت و کەفی لەسەر دەنیشێت، هەق و ناهەق تێکەڵ بوون.

ئیمام عەلی (ع)یش دەفەرموێ کە: هەقی بێگەرد و ناهەق ئەگەر هەبن، هیچ کەس لە هەڵبژاردنی هەق و دوورکەوتنەوە لە ناهەقدا گومانی نەدەکرد. بەڵام هەموو کات هەروایە کە «یؤخذ من هذا ضغث و من هذا فیمزجان... (نهج البلاغه ـ خوتبەی ٥٠)... لێکدراوێک لە هەردووکیان دروست دەکات و دەیخاتە بەردەست "

قسە لەوە نییە کە ئاینە ئیلاهییەکان بە شێوەیەکی رەها هەقن، باس لە تێگەیشتنی مرۆڤەکان و ئاینزا جۆراوجۆرەکانە کە هەمیشە لێکدراوێکن لە هەق و ناهەق و بەڕاستی ئەگەر یەکێک لەو ئاینزایانە هەقی رەها بووایە و ئەوانی تر ناهەقی تەواو، هیچ ئاوەزمەندێک کاتی بەفیڕۆ نەدەدا لە هەڵبژاردنی هەق و دوورکەوتنەوە لەناهەقدا. نە شیعە ئیسلامی تەواو هەقی رەهایە و نە سوننە. هەرچەندە کە شوێنکەوتووانی ئەو دوو رێبازە هەرکامەیان پێ داگرن لەسەر هەقبوونی خۆیان. نە ئەشعەرییە هەقی رەهایە نە ئیعتیزالییە. نە مالیکی، نە جەعفەری، نە تەفسیری فەخری رازی، نە

تەفسیری عەللامە تەبا تەبایی، نە زەیدییە، نە وەهابییە، نە هەموو موسڵمانان لە خواناسی و پەرستندا دوورن لە شیرک و نە هەموو مەسیحییەکان دەرکێکی شیرکاوییان لە دینی خۆیان هەیە. جیهان پڕە لە شوناسی ناپەتی "وَما يؤمِن أكثرَهُم بِالله الاّ و هُم مُشركون" (یوسف ـ ئایەتی ١٠٦).

واتە: تەوحیدی پەتی کەمە و زۆربەی یەکتاپەرستان موشریکن و خۆیان نازانن و هەڵبەت بیروبڕواکەشیان لای خوا پەسەندە.

شوێنکەوتووانی هەر ئاینزایەک بۆیان هەیە کە لەسەر ڕێبازی خۆیان بمێننەوە و پێداگری بکەن. مەبەست نکۆڵی کردن لە ڕێبازی خۆیان نییە. بگرە مەبەست باشتر ناسینی ڕێبازەکەیان و قەبووڵکردنی ئەو واتایەیە کە فرەچەشنی شتێکی ئاسایی و مرۆییە و پێوەندیی بەم جیهانەوە هەیە و دەربازبوون لەوەش ناکرێت. مەبەست بنبڕکردنی هەق و ناهەقیش نییە. دەڵێین جیهان، جیهانێک نییە کە پڕ بێت لە بێگەردی، چ جیهانی سروشتی و چ جیهانی شەریعەت، چ تاک و چ کۆمەڵ، بێگەرد نین و نەینیی ئەم نابێگەرد بوونەش بەمرۆڤیبوونی ئاینەکانە. کاتێک بارانی ئاینی ڕەسەن و بێگەرد لە ئاسمانی سرووشەوە بەسەر خاکی دەرکی مرۆڤدا دەبارێ، زەین شڵوێ دەبێ و هەرکە ئاوەز هەوڵ بۆ تێگەیشتن لە دینی زوڵاڵ و بێگەرد دەدات، ئەوەی خۆی هەیەتی، لەگەڵیدا تێکەڵی دەکات و لێڵی دەکات. بەم پێیە دینداری وەک ئاوێکی کەف کردوو تا ڕۆژی پەسڵان لە نێو خەڵکدا لە هاتوچۆدایە و تەنیا لە قیامەتدایە کە خوا سەبارەت بە ناکۆکییەکان داوەریی بەندەکانی دەکات:

وَ أنَّ رَبَكَ لَيَحْكُم بَيْنَهُم يَوْمَ القيامة فيما كانوا فيهِ يُخْتَلِفون.

(نەحل ـ ئایەتی ١٢٤).

سەبارەت بە بیروبڕوای ئاینەکان و کەسەکان پێویستە بیروبۆچوونی گەورەکانی دین بکەینە ڕێنوێنی خۆمان.

به فـەرمـوودەی ئیـمـام مـحـەمـەدی غـەزالی: بڕیاردان لەسـەر کافـربوونی کـەسێک کـە هـەندێ بـاسـی کـردووە یان کـارێکی ئـەنجـام داوە، مـەسـەلەیەکی فـیـقـهـیـیـە. بەم پێـیـە ئەبێ بە هـۆکـاری بـیـسـتـراو (ئایات و ریوایات) و یان گریمانەی ئیجتیهادی (قیاس و...) باسـی ئەم بابەتە بکرێت و دەرفـەتێک بۆ هـۆی ئاوەزپەسـەند نەمـاوەتەوە. (ابو حامد غزالی، الأقتصاد فی الاعتقاد، ل ٢٦٥)

لەسـەر تەئیدی جەمالەدین دیمەشـقی، لەم چەشنە باسـانەدا تـەنیا وتەی راستی کەسێک کە لێی بیستراوە یان کەسێکی بڕوا پێکراو لێی دەگێڕێتەوە، دەبێ بـدرێتـە پاڵی. بـەڵام کـەم و زیاد کـردنی هـەندێ بابەت، لـە قـسـەکـانی ئەرکمەندکردنی بەرامبەر ئەو وتانە و ئەنجام وەرگرتن لەو کردەوەیە، بابەتێکە کە نە عەقڵ و نـە شەرع و نە شـوێنکەوتووانی ئەسحابەکان (کە لە سـەردەمی بەدیهـاتـنی مـەزهـەبەکـاندا دەژیان)، قـەبـووڵی ناکـەن. (شـێخ جـەمـالـەدین دیمەشقی، تاریخ الجهمیة و المُعْتزلة، ل ٣٤ ـ هەمان ل ١٠٧).

بە گێڕانەوە لە ئیبنی تەیمییە، تەنیا ئەو بەشە لە وتاری کەسیک دەدرێتە پاڵی کـــە دوای ئاشکرابوون، ناوبراو پێی رازی بێت دەنا ناتوانرێت هیچ شتێکی بدرێتە پاڵ، تەنانەت ئەگەر ببێتە هۆی وتەی دژ بەیەکیش. (هەمان ـ ل ١٠٧)